

# پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی ماڵئاوایی لێکردین

دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشی و مانەوەی بۆ ماوەی تەنیا نۆ رۆژ لەژێر چاودێریی چڕی پزیشکیدا، بەرەبەیانی رۆژی شەممە ٤ی حوزەیرانی ٢٠١٦ پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی، بیرمەند و زانای گەورەی ناسراوی جیهانی ئیسلامی لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، زانای کۆچکردوو رۆڵێکی گرنگ و پێشەنگی هەبوو لە دارشتنەوەی یاسای باری کەسێتیی عێراق و هەرێمی کوردستان.. ئەو زانا گەورەیەی کورد سامانێکی زۆری بەرهەمی چاپکراوی ئاینی و یاسایی و توێژینەوەی زانستی و فەلسەفی بۆ میللەتەکەی بەجێ هێشت، وێڕای چەندین فەتوای ئیسلامیی کە نەک هەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بگرە لەسەر ئاستی جیهانیش کاریگەری و دەنگدانەوەی هەبووە، بەرچاوترینیان فەتوای حرامکردنی خەتەنەی مێینەو جگەرەکێشان و فەتوای تایبەت بە چاککردنەوەی تەڵاق لە نێوان ژن و مێرددا.

**ئەو خەڵاتانەی وەریگرتوون:**


١- خەڵاتی مامۆستای لێهاتوو لە زانکۆی بەغدا ١٩٨٥.
٢- خەڵاتی بەرهەمی زانستی ١٩٩٣.
٣- خەڵاتی مامۆستای لێهاتوو لە سەرۆکایەتی کۆمار ١٩٩٤
٤- خەڵاتی مامۆستای لێهاتوو لە زانکۆی نەهرەین ١٩٩٥.
٥- خەڵاتی نیشانەی زانستی لە سەرۆکایەتی کۆمار لە ٢٠٠٢.
٦- خەڵاتی رێزلێنانی زانایان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٥

هەروەها لەلایەن یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانەوە پێشنیارێک ئاراستەی شێخی ئەزهەر کرا بۆ رێزلێنانی دوای هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی لەلایەن ئەزهەرەوە، ئەوەبوو لە بارەگای رابیتەی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر، لە رۆژی ١١ی ئایاری ٢٠١٣ مەراسیمێکی رێزلێنانی بۆ ئەنجام درا.

**بەرهەمەکانی دکتۆر زەڵمی**

- زیاتر لە ٨٠ کتێب لە بوارەکانی شەریعەو یاسا.
- زیاتر لە ٤٠ توێژینەوەی زانستی لە یاسا و فەلسەفە.
- زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێردراون بۆ زمانە جیهانییەکان.
- کتێبەکانی زەڵمی لە زۆر وڵات وەک پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی دەگوترێنەوە بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئیسلامی وەک میسر و ئێران و مالیزیا و عێراق و ئوردن و تورکیاو هیندستان و ئەندەنۆسیا

# پشتیوان بە خوا ڕەمەزانی داهاتوو لە دەوڵەتی سەربەخۆدا بەڕۆژو دەبین



د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەم ساڵیش گەلی کوردی موسڵمان هاوکات لەگەڵ میللەتانی دیکەی موسڵمان لە جیهاندا پێشوازیی لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان دەکات، بە دڵنیاییەوە مانگی ڕەمەزان و بەڕۆژووبوون لەنێو گەلی کورددا هەر لەدێرین زەمانەوە بایەخێکی تایبەت و تەواوی خۆی هەبووە، میللەتی موسڵمانی کوردستان لە خۆشی و ناخۆشیداو لە ئاوارەیی و دەربەدەری و لە هەبوونی و نەبوونیدا هەوڵیان داوە بەوپەڕی حورمەتەوە ڕێز لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بگرن، ئەوەش بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کە گەلی کورد بە خۆشەویستییەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرتووە و پەیڕەوی دەکات، لە ڕاستیدا هیچ شتێك نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە گەلی کورد پابەند نەبێت بە ئایینەکەی خۆیەوە یان ئەرکە ئاینییەکانی خۆی جێبەجێ نەکات، بەڕۆژووبوونی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە جیاوازە، ئەو مانگە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی وەك کەرنەڤاڵێکی خۆشییە و خەڵك زیاتر لەیەکدی نزیك دەبنەوە و هاموشۆی یەکدی دەکەن و برایەتی و تەبایی لەنێو خەڵکدا دێتە ئاراوە، لەم مانگەدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی زیاتر بایەخی پێ دەدرێت و بەهێزتر دەبێت، چونکە ئەگەر بە درێژایی ١١ مانگی ڕابردوو ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە کەموکورتی تێکەوتبێت یان هاووڵاتیان هەستیان بە کەلێنێك کردبێت، ئەوا هاتنی ئەو مانگە پیرۆزە بە دەرفەتێك دەزانن بۆ ئەوەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزتربکەن دەوڵەمەندەکانیش زیاتر هەوڵ دەدەن هاوکاری و یارمەتی هەژاران بدەن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە، لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا قەیرانێکی ئابووریی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەڵام کاریگەریی نەبووە لەسەر تەبایی و خۆشەویستی و ئاوڕدانەوە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو لە ڕەمەزانەکانی ڕابردوودا ئەو خەڵکە موسڵمانە لە مزگەوتەکاندا هەموویان بە کۆمەڵ دوعایان بۆ برا پێشمەرگەکان دەکرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە سیما هەرە جوانەکانی ئەو دوو ساڵەی ڕابردوو لە مانگی ڕەمەزاندا، دڵنیام ئەم ساڵیش هەر لە ڕەمەزاندا موسڵمانان داوا لە خوای گەورە دەکەن پێشمەرگە سەرکەوتوو بێت و دوعای چاکبوونەوەی بە پەلە بۆ ئەو برا پێشمەرگانەش دەکەن کە بەهۆی شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعشەوە بریندار بوونە. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ لێرەدا جەختی لێ بکەمەوە ئەوەیە کە ڕۆژانە برا پێشمەرگەکانمان پرسیار ڕووبەڕووی مامۆستا ئاینییەکان دەکەنەوە لەبارەی ئەو ئەرکە ئاینییەوە کە دەیانەوێت شان بەشانی ئەو ئەرکە نەتەوەییەی کە پێیان سپێردراوە ئەنجامی بدەن، کە پرسیارەکەشیان پەیوەستە بەچۆنیەتی بەجێگەیاندنی نوێژەکانیان یان ڕۆژووەکانیان، من بە قەناعەتەوە دەڵێم پێشمەرگەی کورد لەگەڵ ئەو ئیمانە بەهێزەی کە بە خوای پەروەردگار

هەیەتی، هەوڵدەدات لەگەڵ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەجوانترین شێوەش ئەرکە ئاینییەکەی خۆی بەجێ بگەیەنێت، لە ساڵانی رابردووشدا ئەوەمان لەیادە کە برا پێشمەرگەکانمان بە تەلەفۆن پێوەندییان بە مامۆستایانی ئاینییەوە دەکرد، یان لەو کاتەی کە مامۆستایانی ئاینی لە مانگی رەمەزاندا سەردانی بەرەکانی جەنگیان دەکرد، ئەوەش گەواهیدەری ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بڕوایەکی نەتەوەیی و ئاینیشەوە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکات، چەندین پێشمەرگەمان بینی لە پێشەوەی سەنگەری بەرگری دژ بە تیرۆریستانی داعش نانی بەربانگی بۆ خۆی ئامادەدەکرد، هەرچەندە لیژنەی فەتوای کوردستان فەتوای ئەوەی داوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە پێشەوەی سەنگەری بەرگریدان دەتوانن بەڕۆژوو نەبن، بەڵام هەندێکیان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە هەر ئەرکە ئاینییەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن، ئەمە واقیعێکە دەیسەلمێنێت کە پێشتریش برا پێشمەرگەکانمان لەژێر رەحمەتی تۆپ و فڕۆکەکانی دوژمن لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا هەوڵیان دەدا ئەو ئەرکە بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەن، ئەمڕۆش برا پێشمەرگەکانمان دەیسەلمێنن کە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان رێگر نییە لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکان پێچەوانەکەشی هەر راستە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەرکی ئاینی و ئەرکی نەتەوەیی هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، لە ئێستاشدا پێشمەرگەی کوردستان کە بە دەستێکی ئاڵای کوردستانی هەڵگرتووەو بە دەستەکەی دیکەشی دەیەوێت بەرگری لە ئاینەکەی خۆی بکات چونکە تیرۆریستانی داعش هەوڵیان داوە بە توندترین و خراپترین شێوە زیان بە ئاینی ئیسلام بگەیەنن وئەم ئاینە پاکە لەکەدارو ناشیرین بکەن، بەڵام ئەوەی پێشمەرگە دەیکات جوانکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەو سەلماندنی ئەو ئاینە راستەقینەیە کە پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئێمەی موسڵمانی هێناوە.

هیوام وایە لەم مانگە پیرۆزەدا هەموومان هەوڵ بدەین گیانی تەبایی و یەکدی قبووڵکردن و یەکڕیزیی لە نێوانماندا پتەوتر بکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی و واقیعی بیسەلمێنین کە ئێمە هەم ئەرکە ئاینییەکان جێبەجێ دەکەین و هەمیش ئەرکە نەتەوەییەکانیش فەرامۆش ناکەین، بە تایبەتیش لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کە ئێمە هەنگاودەنێین بەرەو سەربەخۆیی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆمان مافی چارەنووسیی خۆمان پیادەبکەین، بۆیە دڵنیام لەوەی کە مامۆستایانی ئاینی و نوێژخوێنان و رۆژووگران دوعا بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، کە ئەم رەمەزانە دوایین رەمەزان بێت کە لە عێراقدا بمێنینەوە، بەڵکو رەمەزانی داهاتوو لە وڵاتێکی سەربەخۆ ئەو ئەرکە ئاینییەش بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ بکەین.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم ئەو بەڕێزانەی کە بەڕۆژوو نابن لەبەر هەر هۆکارێك یان ئەو برا مەسیحییانەی کە لەگەڵ ئێمەدا دەژین دەبێ هەڵوەستەیەکیان لەسەر بکەین ساڵانە هەست دەکەین رێز لە بەڕۆژووەکانی موسڵمانان دەگرن ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە پێکەوە ژیانی ئاینی لە ئاستێکی زۆر باشدایە لە هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتە ئاینییەکان لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکە ئاینییەکاندا هەوڵدەدەن کە بێ رێزیی بەرامبەر نەکەن، بۆ نموونە بینیمان ساڵی رابردوو برا مەسیحییەکان کە خوانی رۆژووشکاندنیان بۆ برا موسڵمانەکان ئەنجام دەدا، ئەوە لێکنزیکیی ئەو پێکهاتە ئاینییانە دەسەلمێنێت کە لە کوردستاندا هەیە، چونکە ئەو پێکهاتە جیاوازییە ئاینییانە بە قەدەری خوا لەسەر ئەم خاکەی کوردستان دەژین، بۆیە پێویستە رێز لە یەکدی بگرین، هەر پێکهاتەیەکی ئاینی بە ئازادییەوە مومارەسەری سرووتە ئاینییەکانی خۆیان بکەن، نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێریش بەتایبەتی لە هەموو شارەکانی دیکە زیاتر بە رووی جیهانی ئیسلامیدا کراوەیە کە زیاتر لە ٣٠ کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوڵەتانی دیکەی جیهانی لێیە، رۆژانە خەڵکێکی زۆریش لە دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە چەند دیمەنی جوانی مانگی رەمەزان لە زیندووکردنەوەی شەوانی رەمەزان بەتەبایی و برایەتی و هێمنی بەسەرببەین، ئەوە گەورەترین وەڵامە بۆ دوژمنان و ناحەزانی کورد کە رۆژانە لێرەو لەوێ هەوڵدەدەن گیروگرفتمان بۆ دروست بکەن، گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەو ئەرکانەی مانگی رەمەزان چ بەرۆژ یان بە شەو بێت بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی خوای گەورەو بۆ بەدیهێنانی برایەتی و تەبایی نێوانمان بەدی بێنین، لە هەمان کاتیشدا رۆڵی دیارو بەرچاوی دەزگا ئەمنییەکانیش لەیاد نەکەین کە ئەوانیش بە شەونخونییەکی تەواوەوە بەدرێژایی مانگی رەمەزان پارێزگاریمان لێ دەکەن تا سرووت و ئەرکە ئاینییەکانمان لەو مانگەدا چ ئەنجامدانی تەراویح یان زیندووکردنەوەی لەیلەتولقەدر بێت بەشێوەیەکی ئازادو لەژێر چەتری ئەمن و ئاسایش ئەنجام بدەین، هیواخوازم هەموومان پێکەوە بە برایەتی و تەبایی بتوانین ئەو ئەرکە ئاینییە جێبەجێ بکەین و هەوڵ بدەین نموونەی پێکەوەژیان و یەکدی قبوڵکردن بەجێ بگەیەنین.

---

*** سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان**

# دەوڵەت رۆحی نەتەوەیە لە سەر زەوی





**«بنەمای دەوڵەت ئەقڵە کە بە شێوەی ئیرادە دەردەکەوێت، هەربۆیە دەوڵەت لە خۆیدا و بۆ خۆی پێکهاتەیەکی ئەخلاقییە و دەبێتە هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی ئازادیی بە کردەوەیی، ئەمەش ئامانجی رەهایە بۆ ئەقڵ، بۆ ئەوەی ئازادی بە شێوەیەکی کردەیی بێتەدی. ئەوجا لەبەر ئەوەی دەوڵەت بوونی رۆحە لە سەر زەوی، ئەوا بە هۆشیاری دێتەدی، لەبەر ئەوەشی ئەمە بەدیهێنانی بەرزترین چەمکی ئەخلاقییە لەسەر زەوی، ئەوا لە بونیادی دەوڵەتەوە بەدی دێت و هاووڵاتی ئەم راستییە بزانێت، یان نە، ناتوانێت ئازادییەکانی بەدەست بهێنێت، ئەگەر ئەندامێکی ئەو دەوڵەتە نەبێت، ئەندامێک کە بە دوای بەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆیدا دەچێت، کە دەربڕی ئیرادەی گشتگیری کۆمەڵگەیە.»**



**هیگل**

گەورەترین ئامانج کە ئەقڵی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە پێناویدا خەباتی بۆ کردووە، گەیشتن بووە بە ئازادی و پاراستنی ئەو ئازادییە بووە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئازادی لە کوێدا دێتەدی و چۆن مرۆڤەکان هەست بە ئازادی دەکەن و هەست دەکەن ئازادن؟ بێگومان لەو پانتاییە جوگرافییەی کە تیایدا مرۆڤ بێجگە لە ملکەچبوونی بۆ ئیرادەی خۆی، ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دەرەکی نابێت. راشکاوانەتر دەبێت تاکەکانی نەتەوە پێکەوە نیشتمانێك کۆیان بکاتەوە و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی لە ژێر ئیرادەی نەتەوە و دەوڵەتەکانی دیکە بێنەدەرەوە و خۆیان یاسا دابنێن و یاساکان رەنگدانەوەی ئیرادەی خودی خۆیان بێت، بۆ ئەوەی کاتێك ملکەچی یاساکانی دەوڵەت بن، ملکەچی ئیرادەی خۆیان بن.

لێرەوە گرنگە چەمکی موجەڕەدی دەوڵەت لە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ جودا بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەوڵەت بە مانای دەوڵەتی بیرۆکراتی و دامەزراوەیی، ئەوا دەوڵەتی (چین) کۆنترین دەوڵەتە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتی چین نەبۆتە ئەو پانتاییە جوگرافییەی کە تاکەکانی (چین) تیایدا هەست بە ئازادی بکەن، ئەوا بە درێژای زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ، هێشتا رۆشنگەری بە مانای بەرهەمی ئەقڵی ئازادی تاکەکانی نەتەوە لە چیندا دەستی پێنەکردووە، یان بوونی نەبووە.

بۆیە لەم راستەوە ئەگەر گەورەترین ئامانجی مرۆڤایەتی بە ئازادییەوە گرێبدەینەوە، ئەوا تەنیا شوێنێك کە ئازادی تێدا دێتەدی، دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخە، هەر بۆیەش گەورەترین ئامانجی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم هەسارەی زەویدا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، هەر ئەمەش وایکردووە، دەوڵەتی نەتەوەیی سەرەتایەك بێت بۆ مۆدێرنە و رۆشنگەری لە ئەوروپادا .

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە رۆشنگەری و مۆدێرنە فاکتەری دروستکردنی دەوڵەت نین، بەڵکو دەوڵەتی نەتەوەیی لانکەی لەدایکبوونی رۆشنگەری و مۆدێرنە و شۆڕشی پیشەشازی لە ئەوروپا بووە. ئەمەش وەك راستییەکی مێژووی هیچ گومانێك هەڵناگرێت. لەبەر ئەوەی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی و کۆتاییهێنان بە تیکەڵاویی نێوان دەسەڵاتی کەنیسە و دەوڵەت، دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لە ئەوروپا دروست بووە، دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، رۆشنگەری دەستی پێکردووە، مودێرنەش وەك بەرهەمی ئەقڵە ئازادەکان شۆڕشی پیشەسازی هێناوەتەئاراوە.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ڕۆشنگەری و مۆدێڕنە دوو بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بن، ئایا ئەو فیکرەی بۆتە هەوێنی ڕۆشنگەری و مۆدێڕنە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دیارە وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی ڕۆشنگەری و مودێڕنەی ئەوروپادا، سەرچاوەی ئەم فیکرە دەگێڕنەوە بۆ ئەو بیرمەندانەی ئازادانە بیریان کردۆتەوە، بەڵام بە نەهێنی بیریان کردۆتەوە، یان ئەگەر بەرهەمی ڕۆشنگەری خۆشیان بڵاوکردبێتەوە، بە ناوی خۆیان بڵاویان نەکردۆتەوە، یان ئەو بیرمەندانە وڵاتی خۆیان بە جێهێشتووە و کۆچیان بۆ وڵاتێکی دیکە کردووە. یاخود کاتێك ئاشکرا بوون، دەسەڵاتی کەنیسە و دەوڵەت ڕووبەڕووی گەورەترین سزای کردوونەتەوە، بۆیە دەکرێت بیرکردنەوەی فەیلەسووفەکان وەك ژێرخانێك بۆ ئازادی تاکەکان لە قەڵەم بدرێت، بەڵام ناتوانین بڵێین پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕۆشنگەری و مودێڕنە وەك قۆناخێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستی پێکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ڕۆشنگەری ڕەتکردنەوەی هەموو ئیرادەیەکی دەرەکی بێت لەسەر ئەقڵی مرۆڤ و، مۆدێڕنە وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی سەردەمی خۆی بێت، ئەوا پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، نە تاکەکانی نەتەوە توانیویانە ئیرادەی دەرەکی وەك وەسایە لەسەر ئەقڵی خۆیان ڕەتبکەنەوە، نە فەیلەسووف و بیرمەندەکانیش توانیویانە بە ئاشکرا وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆیان بدەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵ و خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، بەڵام گەیشتن بە ئازادی و هەستکردن بە ئازادی بوونی نەبووە و مرۆڤایەتی تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا پێگەیشتووە، بۆیە لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی هیگل بۆ دەوڵەت و بۆ ئازادی، ئەوا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئازادی لە دەوڵەتدا دێتەدی، بەڵام دروستکردنی دەوڵەتی هاوچەرخ کە تیایدا ئەو ئازادییە بەرجەستە بێت، پێویستی بە هۆشیارییە. سەرنج بدەن، هیگل هۆشیاری لە ڕۆشنگەری و مۆدێڕنە جودا دەکاتەوە، واتا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستی هۆشیارییەی کە بە پێویستی بزانیت وەڵامی هەموو پرسیارەکانی سەردەم بداتەوە و هەروەها بە پێویستی دەزانێت کە وەسایەی ئیرادەی دەرەکی لە سەر ئەقڵی خۆی و نەتەوەکەی ڕەتبکاتەوە، بەڵام هێشتا دەستپێکردنی ڕۆشنگەری و مۆدێڕنە نەبۆتە قۆناخێك کە تیایدا مرۆڤ، یان نەتەوە گەیشتبێتە ئازادی، یان هەست بە ئازادی بکات.

## • شێواندنی چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و قەومییەت

پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ. هاوتای چەمکی نەتەوە ئازادەکانە، نەتەوەی ئازادیش لەبەر ئەوەی بڕوای بە ئازادی هەیە و دەشزانێت مانای ئازادی چییە، بۆیە هەرگیز بیر لە داگیرکاری نەتەوەیەکی دیکە ناکاتەوە، کەواتە کاتێك نەتەوە دەگاتە ئازادی، خۆی لە ژێر هەموو ئیرادەیەکی دەرەکی هێناوەتە دەرەوە، بە یاسایەك حوکمڕانی دەکات کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، ئەم میکانیزمەش ئەگەر بە دروستی هەر نەتەوەیەك پیادەی بکات، بەرهەمەکەی دەبێتە سەروەریی یاسا و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش ئەو سیستمەیە کە نەتەوە ئازادەکان بەرهەمیان هێناوە و ئێستا پێی دەگوترێت: «لیبراڵ دیموکراتی»، ئەم سیستمەش وەنەبێ چوارچێوەیەکی داخراو بێت و تەنیا یەك پێناسەی هەبێت، بەڵکو هەموو نەتەوەیەکی ئازاد لە چوارچێوەی تایبەتمەندی خۆی پێناسەی کردووە، بەڵام سروشت و میکانیزمی پاراستنی ئازادی خاڵی هاوبەشی زۆر نزیکی لە نێوان نەتەوەکان دروستکردووە، کە ئەویش ڕێکخستنی ئازادییە لە چوارچێوەی سەروەریی یاسا کە ئەمەیان پێی دەگوترێت: «لیبراڵیزم»، هەروەها حوکمڕانییە لەلایەن گەلەوە کە پێی دەگوترێت: «دیموکراتی».

کەواتە دیموکراتی لیبراڵی، سیستمێك نییە لەدەرەوەی دەوڵەت بتوانرێت جێبەجێ بکرێت، هەروەها هەتا ئەگەر دەوڵەتیش بوونی هەبێت، سیستمێك نییە بە پێناسەی دەرەکی دەوڵەتی پێ بەڕێوە ببرێت، بەڵکو بەردی بناخەی هەر سیستمێك دەوڵەتە و بەردی بناخەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیش دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای نەتەوەی ئازادە، ئەمەش ئەو مێژووەیە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا شانازی پێوە دەکەن و دەڵێن: «ماوەی ٢٠٠ ساڵە هیچ شەڕێك لە نێوان دەوڵەتانی دیموکراتی ڕووینەداوە.» بەڵام هەقیقەتی ئەم قسەیە ئەوەیە ماوەی ٢٠٠ ساڵە هیچ شەڕێك لە نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ ڕووینەداوە، ئەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هەست بە ئازادی دەکەن.

بەڵام ئەم چەمکە کە لە ڕۆژئاوا بە «ناسیۆنالیزم» و لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی بە «قەومییەت» ناویان دەبردرێت، بە هۆی لادانی شێوازی حوکمڕانییان لەسەر بنەمای نەتەوەی ئازاد، ئەم چەمکانەیان بە شێوەیەك شێواندووە کە نەتوانرێت بە مانا گەوهەرییەکەی بەکار بهێندرێت! سەرچاوەی ئەم شێواندنەش لەو خاڵە

**لۆژیکی بارزانی توانی ئاراستەیەکی جیاواز لە نێو فیکری قەومی عەرەبی عێراق جیاواز لە بیرکردنەوەی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکان دروست بکات، لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر شاعیران و نووسەرانی عەرەبی عێراقیش هەبووە و لە نووسین و شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەمەش زیاتر بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە خەباتی چەکداری، ئەوجا چ لە سەردەمی رابەرایەتی مستەفا بارزانی بووبێت، یان دوای ئەویش لە سەردەمی مسعود بارزانی، ئەوا ڕێگەیان نەداوە شۆڕشی کوردستان بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب بگۆڕێت**

**ئەو دەوڵەتانە کە پێشتر بە ناوهێنانی کوردستان تووڕە دەبوون، ئێستا لەگەڵ ئەوەی دەزانن مسعود بارزانی خۆی رابەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەکەنەوە، ئەم هەنگاوانە کە وەک وەڵامدانەوەی لۆژیکی بارزانی لە قەڵەم دەدرێن، مانای ئەوەیە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە دەوڵەتی کوردستان بە ئاشتی دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی کوردستان ئاشتی دروست دەکات**

سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەوەی چۆن نەتەوە پێناسەکراوە، بە دیوێکی دیکەدا کاتێك پێناسەی نەتەوە دەگۆڕێت بۆ نەتەوەی سەردەست و بندەست، ئەوا شتێك بە ناوی ئازادی نە بۆ نەتەوەی سەردەست و نە بۆ نەتەوەی بندەست نامێنێت، نیشتمانەکە دەبێتە بەندیخانەیەکی گەورە و جیاوازیی نێوان نەتەوەی سەردەست و بندەست ئەوەیە کە نەتەوەی بندەست بەندکراوی زیندانەکە و نەتەوەی سەردەست پاسەوانی زیندانەکەیە، هەر کاتێکیش زەمینەی شکاندنی زیندانەکە بێتەپێشەوە، ئەوا نەتەوەی بندەست زیندانەکە دەشکێنێت و نەتەوەی سەردەستیش چیدیکە بە پاسەوانی زیندانەکە نامێنێتەوە، هەر بۆیە چۆن لە زینداندا هەمیشە بەندییەکان پاسەوانی زیندانەکە بە دوژمنی خۆیان دەزانن، بە هەمان شێوە لە پێناسەی نەتەوەی سەردەست و بندەستیشدا، هەمیشە نەتەوەی سەردەست بە دوژمنی خۆیان دەزانن، زۆر جاریش ئەم پێناسەیەی نەتەوەی سەردەست و بندەست، سەری کێشاوە بۆ سەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی و هۆکاری شەڕە جیهانییەکان بووە، وەك شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. بۆیە بە درێژایی مێژوو هۆکاری هەموو شەڕەکان پێناسەی بە هەڵەی نەتەوە بووە، لە چوارچێوەی نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست، هەر ئەمەش بنەمای ئەو قسە بەناوبانگەی پرۆفیسۆر چارلس تللی-یە کە دەڵێت: «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەڕ دروست دەکات». دیارە لەبەشی یەکەمیدا کە شەڕ دەوڵەت دروست دەکات، مەبەستی شۆڕشی گەلانی ئازادیخوازە بۆ سەربەخۆیی، لە بەشی دووەمیشدا کە دەوڵەت شەڕ دروست دەکات، مەبەستی ئەو شەڕانەیە کە لە سەر هەژموون و باڵادەستی هەرمی و جیهانییەکان لە نێوان دەوڵەتاندا روودەدات. بەڵام لە قۆناخی مۆدێرنە کە بیر لەوە کراوەتەوە، شەڕی نێوان نەتەوەکان بکرێتە ئاشتیی هەمیشەیی نێوان نەتەوەکان، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دووبارە پێناسەی نەتەوەی ئازاد راست بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر نەتەوەیەك لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا رێز لە ئازادیی دەوڵەتی نەتەوەی دراوسێکەی خۆی بگرێت و چاوی تێنەبڕێت، ئەمە ئەگەر لە قۆناخیکدا پرۆژەیەك بووبێت بۆ ئاشتیی هەمیشەیی لە ئەوروپا، ئەوا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم پرانسیپە لە چوارچێوەی ١٤ خاڵەکەی وۆردو ولسن و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان، کە تیایدا جەخت دەکاتەوە هەموو نەتەوەیەك دەبێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، هەتا بەو مەرجە مافی «ماندێت» دەداتە دەوڵەتانی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ سەرپەرشتی دەوڵەتانی رۆژهەڵات، تا ئەو کاتەی ئەو گەلانە توانای ئەوەیان دەبێت دەوڵەتی خۆیان بەڕێوەبەرن، دواتریش کە شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا، جارێکی دیکە فرانکلین رۆزفەڵت هاوپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاند، بە مانای هاوپەیمانی نەتەوە ئازادەکان دژی نازیزم، پاش کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانیش ئەم هاوپەیمانییە بووە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك رێکخراوێك بۆ ئەندامیەتی هەموو نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان، ئەوجا بۆ ئەوەی ئاشتیی تەواو لە جیهاندا بێتەدی، لە شەستەکانی سەدەی رابردوو نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیار کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیمپریالیزمی راگەیاند و مافی چارەنووسی بۆ نەتەوەکان ئیقرار کرد، بەڵام بە درێژایی مێژوو لە هیچ سەردەمێکدا کورد سوودی لەو یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییانە وەرنەگرتووە.

**● بیری نەتەوەیی کورد و راستکردنەوەی چەمکی قەومییەت و ناسیۆنالیزم**

ئەوەی مایەی شانازییە بۆ بیری نەتەوەیی کوردی، ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە پێناسەی نەتەوەی وەك «نەتەوەی ئازاد» کردووە و بە کردەییش ئەوەی جێبەجێ کردووە کە نەتەوەی ئازاد دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا نییە، ئەم تایبەتمەندییەش نە لە فیکری قەومییەی رۆژهەڵات و نە لە فیکری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواشدا بوونی نییە.

دیارە بیری نەتەوەیی کوردی هاوچەرخ لەو ساتەوە چوارچێوەیەکی بۆ دروست دەبێت، کە شێخ عوبیدوڵای نەهری لە کۆبوونەوەیەکدا داوا لە نوێنەری هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکات، دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، ئەمەش واتە کوردستانێکی ئازاد بۆ نەتەوەیەکی ئازاد، ئەم بیرە نەتەوەییە دەست بە دەست لە شێخ عوبیدوڵاوە گواستراوەتەوە بۆ شێخ عەبدولسەلام و شێخ مەحمود و مستەفا بارزانی و قازی محەمەد، لەم مێژووەدا راستە هەموو سەرکردەکان شۆڕشیان لە پێناوی سەربەخۆیی کردووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕش بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی، شۆڕشی سەرتاسەری و درێژخایەن لە کوردستاندا دەست پێدەکات.

بۆیە لەم مێژووەدا کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ شێوازی دروستبوون و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەربەخۆیی، ئەوە مێژووەکەی لە شێخ عوبیدوڵاوە دەست پێدەکات، بەڵام کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی چۆنیەتی مامەڵەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، ئەوا ئەم پراکتیزەکردنە لەگەڵ شۆڕشی دووەمی

**به هەمان شێوازی لۆژیکەکەی بارزانی، بیرمەندێکی وەک کینس پۆلاک (بەڕێوەبەری سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز)، پێشنیاری ئەوە بۆ ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، بە شێوازێکی ئاشتییانە بە هاوشێوەی رێککەوتنی دایتۆن، هەموو لایەنە پێکناکۆکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر یەک میز کۆبکرێنەوە، بۆ ئەوەی بە پێی خواستی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە دووبارە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتەوە**

**چارلس تیللی دەڵێت: «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات.»، بەڵام لۆژیکی مسعود بارزانی دەڵێت: «ئاشتی و دیالۆگ دەوڵەت دروست دەکات.»، ئەگەر ئەم لۆژیکەی ئێستای مسعود بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، لەگەڵ نامەکەی مستەفا بارزانی کە لەساڵی ١٩٤٣ بۆ نەتەوەی عەرەبی ناردووە، بەراورد بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لۆژیکی مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی لەیەک سەرچاوە هەڵقوڵاوە، ئەویش بیری نەتەوەیی کوردییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، کە سەرچاوەی ئەم فیکرەش دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عوبیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی**

بارزان بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی دەست پێدەکات.

شۆڕشی دووەمی بارزان لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیە بۆ ناوچەی بارزان کە بڵێسەی شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرساوە، بەڵام لە گەوهەردا یەکەمین شۆڕشی کوردستانی و سەرتاسەری و درێژخایەن بووە، ئەم شۆڕشە نەك هەر شۆڕشێکی سەرتاسەری بووە لە پارچەیەکی کوردستان، بەڵکو لە بیرکردنەوەی ئەم شۆڕشەدا سنوورەکانی کوردستانیش بوونی نەبووە، هەر بۆیە بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لیژنەی ئازادی (سەرکردایەتی شۆڕش) دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوونە پێشمەرگەی کوردستان و ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دیارە شۆڕشی دووەمی بارزان لە مانگی ئابی ١٩٤٣ دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سلێمانییەوە دەستی پێکردووە، ئەوکاتە کە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، بە مانای وشەی شەڕ، شەڕەکە شەڕی نێوان نەتەوە و گەلە جیاوازەکان بوو، تەنانەت لە شێوازی شەڕەکانیشدا، هەردوو بەرەی شەڕەکە تەواوی نەتەوە و گەلەکانی بەرامبەری خۆیان بە دوژمن دەزانی، بەڵام لەم کاتەدا کە مستەفا بارزانی دەستی دایە شۆڕش، یەکەم کاری سەرەکی ئەوە بوو کە نامەیەك بە ڕێگەی عەبدولڕەحمان عەزام پاشا ئاراستەی هەموو نەتەوەی عەرەب بکات و تیایدا داوای کردبوو، شەڕی کورد بۆ مافەکانی خۆیەتی و دژی نەتەوەی عەرەب نییە و ئێمە نەتەوەی عەرەب بە برای خۆمان دەزانین.

ئەم بنەما فیکرییە بەرزەی بیری نەتەوەیی کوردی کە لە سەر دەستی مستەفا بارزانی بۆ یەکەمین جار بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە پیادە کراوە، بووە هۆکاری ئەوەی شۆڕشی کوردستان بەرەو شۆڕشێکی ئازادیخوازی جیهانی هەنگاو هەڵبگرێت و رابەرەکەشی وەك رابەرێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت.

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەم لۆژیکەی ناو بیری نەتەوەیی کوردی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی قەومییانەی عەرەب و تورك و فارس هەبووە؟ لەوانەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، نەتەوانین لەسەر یەك ئاست کاریگەری لەسەر هەر سێ نەتەوەی تورك و فارس و عەرەب هەڵبسەنگێنین، بەڵام ئەگەر سەیری کاریگەری ئەم لۆژیکە لەسەر فیکری قەومی عەرەبی عێراق هەڵبسەنگێنین، ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر هەست بەو کاریگەرییە دەکەین کە ئەم لۆژیکە توانی ئاراستەیەکی جیاواز لە نێو فیکری قەومی عەرەبی عێراق جیاواز لە بیرکردنەوەی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکان دروست بکات، لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر شاعیران و نووسەرانی عەرەبی عێراقیش هەبووە و لە نووسین و شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەمەش زیاتر بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە خەباتی چەکداری، ئەوجا چ لە سەردەمی رابەرایەتی مستەفا بارزانی بوو بێت، یان دوای ئەویش لە سەردەمی مسعود بارزانی، ئەوا ڕێگەیان نەداوە شۆڕشی کوردستان بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب.

ئەم لۆژیکە کە ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی درێژە پێدەریەتی، لەسەردەمی خۆیدا کاریگەرییەکەی زۆر زیاتر دەرکەوتووە و توانیویەتی پەلوپۆ بهاوێتە ناو بیرکردنەوەی نەتەوەی تورك، کە لە بنەڕەتدا کەمال ئەتاتورك لە دامەزراندنەوەی کۆماری نوێی تورکیادا، بە جۆرێك پێناسەی چەمکی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە، کە بێجگە لە تورك نەتەوەیەکی دیکە لە تورکیا بوونی نییە و بە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کوردی باکووری کوردستانیان دەگوت تورکەکانی چیا، بەڵام لۆژیکی مسعود بارزانی بۆ ڕاڤەکردن و پراکتیزەکردنی بیری نەتەوەیی کورد، گەیشتە ئەو ئاستەی نەتەوەی تورك لە بیری نەتەوەیی کورد تێبگەن و گۆڕانکاری زۆر گەورە سەرەتا لەناو دەستەبژێری نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووسانی تورك دروست بکات، کە بایکۆت لەسەر وشەی کورد و کوردستان هەڵبگرن، کە پێشتر ئەگەر لەناو کۆمپیوتەری گەشتیارێکدا وشەی کورد هەبوایە، حکومەتی تورکیا دەستی بە سەر کۆمپیوتەرەکەدا دەگرت، بەڵام لۆژیکی مسعود بارزانی وایکرد کە حکومەتی ئەنکەراش تەفەهومی ئەو سیاسەتی مسعود بارزانی بکات، تا گەیشتە ئەوەی سەرۆك بارزانی خۆی بە جلی کوردیەوە سەردانی شاری ئامەد بکات و لەناو تەلاری شارەوانی ئامەدا بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت، ئەم کاریگەرییە بێگومان لەسەر نەتەوەی فارسیش هەیە و ئێستا لەسەر تەواوی نەتەوەی عەرەب بە هەموو دەوڵەتە جیاوازەکانیانەوە لە کەنداوەوە بۆ مەغریب بە چاوی خۆمان لە پێشوازی سەرۆك بارزانی-دا دەیبینین.

## ● دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەسەر بنەمای دیالۆگ و ئاشتی

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، چارلس تیللی دەڵێت: «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات.»، بەڵام لۆژیکی مسعود بارزانی دەڵێت: «ئاشتی و دیالۆگ دەوڵەت دروست دەکات.»، ئەگەر ئەم لۆژیکەی ئێستای مسعود بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، لەگەڵ نامەکەی مستەفا بارزانی کە لەساڵی ١٩٤٣ بۆ نەتەوەی عەرەبی ناردووە، بەراورد بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لۆژیکی مستەفا بارزانی

**پێشتر ئەگەر لەناو کۆمپیوتەری گەشتیارێکدا وشەی کورد هەبوایە، حکومەتی تورکیا دەستی بە سەر کۆمپیوتەرەکەدا دەگرت، بەڵام لۆژیکی مسعود بارزانی وایکرد کە حکومەتی ئەنکەراش تەفەهومی ئەو سیاسەتی مسعود بارزانی بکات، تا گەیشتە ئەوەی سەرۆك بارزانی خۆی بە جلی کوردیەوە سەردانی شاری ئامەد بکات و لەناو تەلاری شارەوانی ئامەدا بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت**

**شۆڕشی دووەمی بارزان لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیە بۆ ناوچەی بارزان کە بڵێسەی شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرساوە، بەڵام لە گەوهەردا یەکەمین شۆڕشی کوردستانی و سەرتاسەری و درێژخایەن بووە، ئەم شۆڕشە نەک هەر شۆڕشێکی سەتاسەری بووە لە پارچەیەکی کوردستان، بەڵکو لە بیرکردنەوەی ئەم شۆڕشەدا سنوورەکانی کوردستانیش بوونی نەبووە، هەر بۆیە بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لیژنەی ئازادی (سەرکردایەتی شۆڕش) دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان بوونە پێشمەرگەی کوردستان و ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**



و مسعود بارزانی لەیەك سەرچاوە هەڵقوڵاوە، ئەویش بیری نەتەوەیی کوردییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، کە سەرچاوەی ئەم فیکرەش دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عوبێدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی.

کاتێك چارلس تیلی دەڵێت: «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەڕ دروست دەکات.» ئەمە هەقیقەتێکی مێژوویییە و تیللی لە سەر پاشخانی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم قسەیەی کردووە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، نەتەوەکان بە شەڕ دەوڵەتیان دروستکردووە، ئێمەش وەك گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بەدەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان شەڕی زۆرمان کردووە و بە سەدان هەزار شەهیدیشمان داوە، بەڵام لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردووی دوای راپەڕینی گەلی کوردستان و دروستبوونی نەوای ئارام لە کوردستان، لۆژیکی مسعود بارزانی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کوردستاندا قسە کۆنەی مێژووی گۆڕیوە کە دەڵێت: «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەڕ دروست دەکات.» لە بری ئەمە هاوکێشەیەکی تازەی لەسەر ئاستی جیهان داهێناوە کە دەڵێت: «ئاشتی دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەتیش ئاشتی دروست دەکات.»

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ شێوازی دروستبوون و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەربەخۆیی، ئەوە مێژووەکەی لە شێخ عوبێدوڵاوە دەست پێدەکات، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی چۆنیەتی مامەڵەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا، ئەوا ئەم پراکتیزەکردنە لەگەڵ شۆڕشی دووەمی بارزان بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی دەست پێدەکات

لەوانەیە کەم تا زۆر لەسەر ئەم لۆژیکەی مسعود بارزانی لێکۆڵینەوە، یان بەراوردکاری نەکرابێت، یان وەك خۆی لە مەبەستی ئەم لۆژیکە تێنەگەیشتبین، ئەگینا لە کاتێکدا هەموو جیهان لە ئەمەریکا تا ژاپۆن و لە باشووری ئەفریقیاوە تا دەگاتە رووسیا، هەموویان بە دەست کێشەی دەوڵەتەوە دەناڵێنن و تەنانەت ئێستا باس لە شۆڕشی چوارەم دەکرێت بۆ پێناسە کردنەوەی دەوڵەت، هەموویان تا ئێستاش لەسەر ئەو قەناعەتەن کە «شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەڕ دروست دەکات.» بەڵام بە تەنیا مسعود بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «ئاشتی دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت ئاشتی دروست دەکات.» ئەم لۆژیکەی بارزانی خەریکە دەبێتە هەوێنی بیرکردنەوەیەکی نوێی سیاسی لە سەر ئاستی تێڕوانین بۆ ئایندەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر بۆ نموونە تۆماس فریدمان کاتێك باس لە شێوازی دەوڵەتی ئایندە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەکات، دەڵێت: «پێویستە دەوڵەتی هاوچەرخ، دەوڵەتێك بێت سەرۆکێکی هەبێت لێبووردە بێت، سوپایەکی هەبێت توانای ئەوەی هەبێت خاکەکەی لە تیرۆریستان بپارێزێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەك مامان شاهیدی لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتە بێت.»، ئەم مەرجانەی تۆماس فریدمان بۆ پێناسەی دەوڵەتی ئایندە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کردوویەتی، لە ئێستادا تەنیا ئەو مەرجانە لە دەوڵەتی کوردستاندا دەبیندرێتەوە، لەبەر ئەوەی بارزانی ئەو سەرۆکە لێبووردەیە و پێشمەرگەش ئەو سوپایەیە کە توانیویەتی خاکی کوردستان لە تیرۆریستان بپارێزێت، ئەوجا ئەگەر سەیری مەرجی سێیەمی فریدمان بکەین کە دەڵێت: «دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتە مامان بۆ لەدایکبوونی ئەم دەوڵەتە»، ئەوە هەمان لۆژیکی بارزانی دەخوێنینەوە کە جەخت دەکاتەوە بە ئاشتی دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت و دەوڵەتی کوردستانیش ئاشتی دروست دەکات. هەروەها لەسەر ئاستی سەنتەرەکانی دیراساتی ستراتیژیش بۆ چارەسەری سیستمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی نەك هەر دەوڵەتەکان شکستخواردوون، بەڵکو ئەو سیستمەی دەوڵەتەکانیشی لەسەر دروست کراوە، هەڵە بووە، بە هەمان شێوازی لۆژیکەکەی بارزانی، بیرمەندێکی وەك کینس پۆلاك (بەڕێوەبەری

ئەوەی مایەی شانازییە بۆ بیری نەتەوەیی کوردی، ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە پێناسەی نەتەوەی وەک «نەتەوەی ئازاد» کردووە و بە کردەییش ئەوەی جێبەجێ کردووە کە نەتەوەی ئازاد دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا نییە، ئەم تایبەتمەندییەش نە لە فیکری قەومییەی رۆژهەڵات و نە لە فیکری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواشدا بوونی نییە



سـەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز)، پێشنیاری ئەوە بۆ ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، بە شێوازێکی ئاشتییانە بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی دایتۆن، هەمـوو لایەنـە پێکناکۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر یەك میز کۆبکرێنەوە، بۆ ئەوەی بەپێی خواستی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە دووبارە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتـەوە، ئەمەش مانـای ئەوەیە جیهان خەریکـە دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کـە تەنیـا ڕێگە بۆ چارەسـەکردنی ئاشـتی و سـەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەوەیە کە بە دیالۆگ و ئاشـتی سنوورەکان بگۆڕێت و دەوڵەتی تازە دابمەزرێت.

ئـەوەی ئـەو نووسـەر و بیرمەندانـە باسـی لێـوە دەکـەن، هەتـا ئێسـتا سـنووری پێشـنیار و ڕاسـپاردەی تێنەپەڕاندووە و زۆری ماوە کە بە پراکتیکی هەنگاوی بـۆ هەڵبگیرێـت، بەڵام ئەو لۆژیکەی مسـعود بارزانی لە پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا کاری پێدەکات، گەیشـتۆتە قۆناخی پراکتیکـی، ڕاشـکاوانە نـەك هەر لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، بەڵکـو لەگـەڵ دەوڵەتـە پێوەندیدارەکان و ئەو دەوڵەتانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، ڕاشـکاوانە سـەرۆك مسـعود بارزانـی لـە سـەر مێـزی وتووێـژ باسـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانیان بە شـێوەیەکی ئاشـتییانە لەگەڵ دەکات، لەپێش هەموویانەوە عێراق کە هەتا ئێسـتاش کوردسـتان بەشـێکە لـەو وڵاتـە، دوای ئەویـش تورکیـا و ئێران، هەروەها لە سەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبیش کە سعودیە یەکێکیانـە، سـەرۆك بارزانـی زۆر بـە ڕاشـکاوی ئـەم پرسـەی لەگەڵ عەرەبسـتانی سـعودیەش باس کردووە. ئەو دەوڵەتانە کە پێشـتر بە ناوهێنانی کوردسـتان تووڕە دەبـوون، ئێسـتا لەگەڵ ئـەوەی دەزانن مسـعود بارزانی خـۆی ڕابەرایەتـی پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکات، بـەڵام لـە هەمانکاتدا کونسـوڵخانەی خۆیان لە هەولێری پایتەختی کوردسـتان دەکەنەوە، ئەم هەنگاوانە کـە وەك وەڵامدانـەوەی لۆژیکـی بارزانـی لـە قەڵـەم دەدرێـن، مانای ئەوەیە ئێسـتا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانـی ناوچەکـە گەیشـتوونەتە ئـەو قەناعەتەی کـە لـە بەرژەوەندی هەمـوو لایەکە دەوڵەتی کوردسـتان بە ئاشـتی دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی کوردستان ئاشتی دروست دەکات.

**دەبێت تاکەکانی نەتەوە پێکەوە نیشتمانێک کۆیان بکاتەوە و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی لە ژێر ئیرادەی نەتەوە و دەوڵەتەکانی دیکە بێنەدەرەوە و خۆیان یاسا دابنێن و یاساکان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خودی خۆیان بێت، بۆ ئەوەی کاتێک ملکەچی یاساکانی دەوڵەت بن، ملکەچی ئیرادەی خۆیان بن**



## کاکەمین نەجاڕ

بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە هەولێر:

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە کێشەی لاوەکیی نێوان حزبەکان گەورەترە

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێستادا خەریکی دووبارە خۆڕێکخستنەوە و گۆڕانکارییە لە ئۆرگانەکانی خۆیدا، هەروەها پرۆسەی سیاسیی کوردستان جۆرێك لە چەقبەستوویی بە خۆیەوە بینیوە و هەوڵەکان بۆ ئەوەن ئەو چەقبەستووییە کۆتایی بێت و کێشەی ناوخۆیی نێوان حزبە سیاسیەکان چارەسەر بکرێت. لە هەمان کاتدا ئێستا لە کوردستان شەڕێکی بەرفراوان دژی تیرۆریستانی داعش بەڕێوەدەچێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژانە پێشڕەوییەکانی بەردەوامە و لە سەر ئاستی عێراق و هاوپەیمانانیش خۆئامادەکردنێك هەیە بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، بەڵام بێ بەشداری هێزی پێشمەرگە ئەو پرۆسەیە ئەنجام نادرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەندین پرسی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ کاکەمین نەجارِ بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ماوەیەکە پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکی دووبارە خۆڕیکخستنەوە و گۆڕانکارییە لە ئۆرگانەکانی، ئایا بۆ لەم کاتەدا دەستتان بەم پرۆسەیە کردووە و گۆڕانکارییەکان چ لایەنێك دەگرێتەوە؟**

- ئاشکرایە ئەگەر ئێستا బారودۆخی کوردستان لەبار بوایە، وادەی بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بە هۆی شەڕی داعش و بارودۆخی کوردستانەوە کۆنگرە گرێنادرێت هەتا بە هەموو سیاسەتی خۆماندا بچێینەوە. بۆیە لە ئێستادا و لە بری کۆنگرە، مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی کۆبوونەوەی کردووە بۆ ئەوەی دیراسەتی تەواوی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، دیارە کێشەکانیش زۆرن، لەوانە قەیرانی دارایی کوردستان، ئەم قەیرانە پارتیشی گرتۆتەوە، بارودۆخی سیاسی و ناوخۆی کوردستان وەك دەبینین جۆرێك لە چەقبەستوویی تێکەوتووە، هەروەها دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ حزبەکانی دیکە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بتوانین کۆببینەوە و چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانمان بکەین. بە بۆچوونی ئێمە بارودۆخی ئێستا هەستیار و ئاڵۆزە، ئەگەر بمانەوێت ئەم هەلە لە دەست نەدەین و پرۆسەی سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت خۆمان ئامادەبکەین بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێشەوە، لەوانە خۆئامادەکردن بۆ ریفراندۆم، ئێستا هەلێکی زۆر زۆر باش هاتۆتەپێشەوە، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پێگە و شکۆی کوردستانیان لە جیهاندا بەرزکردۆتەوە، دەوڵەتان پشتگیریمان دەکەن، ئەمە هەلومەرجێکی گرنگە بۆمان هاتۆتەپێشەوە و ئەگەر خوانەخواستە لەدەستی بدەین زەحمەتە هەلومەرجی لەباری وەك ئەمڕۆمان بۆ دروست ببێتەوە.سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناو پارتیش، دیارە ماوەیەکی درێژە گۆڕانکاری نەکراوە، لەم لایەنەشەوە گۆڕانکاری پێویستە بۆ ئۆرگانەکانی پارتی بۆ ئەوەی دووبارە خوێنێکی تازەی بەبەردا بکرێتەوە، ئەمەش مەبەست لە گۆڕانکاری لێپرسینەوە نییە، بەڵکو نوێبوونەوەیە، لەوانەیە بەرپرسمان هەبێت لە کارەکەی خۆی زۆر سەرکەوتوو بێت، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لەو شوێنەیە، بۆیە ئەگەر

**بۆچوونی جەنابی سەرۆک بارزانی بەوجۆرەیە، ئەگەر بتوانین لەم ساڵەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەین، بۆ کوردستان باشترە، بۆیە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکات و لەم ساڵەدا بکرێت، ئەمەش ئومێدی هەموو لایەکە و هەمووشمان پشتگیری هەوڵەکانی جەنابی سەرۆک دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەم ساڵەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەین**

گۆڕانـكاری بكرێـت، ئـەو بەرپرسـە دەتوانێـت لـە شوێنێكی دیكـەش هـەر سـەركەوتوو بێت، بۆ ئەمـەش چەنـد لیژنەیەكمـان دانـاوە بـۆ هەمـوو ئۆرگانەكانـی پارتـی بـۆ ئـەوەی ئـەو لیژنانـە دیراسـەتی خۆیـان بكـەن، راوێـژ لەگـەڵ پسـپۆڕان و خەڵكـی شـارەزا بكـەن، ئەوجـا بڕیـار لەسـەر گۆڕانكارییـەكان بـدەن.

*** وەك بەرپرسی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەولێر، ئایا پێتانوایە گۆڕانكارییەكان سـەركردایەتی هەولێـر بگرێتـەوە، یـان ئایـا پێتانوایـە پێویسـتە گۆڕانـكاری لـە سـەركردایەتی پارتـی لـە هەولێریـش بكرێـت؟**

- بەڵێ مـن لەگـەڵ ئـەوەم لـە سـەركردایەتی پارتی لـە هەولێریـش گۆڕانـكاری بكرێـت، لەبـەر ئـەوەی پێویسـتمان بـە گۆڕانكارییـە، ئـەم گۆڕانكارییـەش هـەم لـە كەسـەكان و هەمیـش لـە سـەر ئاسـتی ناوچـە و رێكخـراوەكان و شـێوازی كاركردنـی حـزب دەبێـت.

*** ئامـاژەت بـە حاڵەتـی چەقبەسـتوویی پرۆسـەی سیاسـی لـە كوردسـتان كـرد. لـەم بارودۆخـەدا یەكێتـی و گـۆڕان رێككەوتنێكیـان لەنێـو خۆیانـدا ئیمـزا كـردووە، پێشـتر ئێـوە وەك پارتـی بەنیازبـوون لەگـەڵ یەكێتـی ئـەم چەقبەسـتووییە بكەنـەوە، بـەڵام ئێسـتا چـۆن دەیكەنـەوە؟**

- پێـش هەمـوو شـت، ئێمـە وەك پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دژی رێككەوتنـی نێـوان گـۆڕان و یەكێتـی نیـن، ئـەوان دوو حزبـن و مافـی خۆیانـە رێككەوتنـی سیاسـی بكـەن، ئەوجـا لەبـەر ئـەوەی پێشـتریش بنكـەی جەماوەریـی گـۆڕان و یەكێتـی تێكـەڵ بـووە، بۆیـە بـە ئاسـایی دەزانیـن هەتـا ئەگـەر ببنـەوە بـە یـەك حزبیـش. بـەڵام هەندێـك مەسـەلەی سیاسـیی گرنـگ هـەن، پەیوەنـدی بـە هەمـوو كوردسـتانەوە هەیـە، نـەك تەنیـا دوو حـزب، بۆیـە ئێمـە لەوانەیـە لەسـەر پرسـە نیشـتمانییەكان هەندێـك تێبینیمـان هەبێـت، سـەبارەت بـە چۆنیەتـی كۆتاییهێنانیـش بـەو حاڵەتـی چەقبەسـتووییە، ئێمـە خوازیـاری ئەوەیـن حزبـە سیاسـییەكانی كوردسـتان هەموومـان پێكـەوە دابنیشـین بـۆ ئـەوەی پەرلەمـان كارا بكەینـەوە و دووبـارە حكومـەت چـالاك بكەینـەوە، بـۆ ئەمـەش ئێمـە پێمـان باشـە لەگـەڵ هەمـوو حزبـەكان كۆببینـەوە، ئەوجـا كۆبوونـەوەی دووقوڵـی بێـت، یـان كۆبوونـەوەی هەمـوو حزبـە سیاسـییەكانی كوردسـتان بێـت.

*** دیـارە بەپێـی رێككەوتنـی نێـوان گـۆڕان و یەكێتـی، وا بڕیـارە ئـەوان هـەردوو لایـەن بـە سـەركردایەتییەكی هاوبـەش لەگـەڵ پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان كۆببنـەوە، ئایـا ئێـوە پێشـوازی لـەو كۆبوونەوەیـە دەكـەن؟**

- وەك پێشـتر ئامـاژەم پێكـرد، حاڵەتـی چەقبەسـتوویی ئێسـتای كوردسـتان پەیوەنـدی بـە پەرلەمـان و حكومەتـەوە هەیـە، ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو رێككەوتنـەی حكومەتـی ئێسـتای كوردسـتانی لەسـەر پێكهێنـراوە، دیـارە پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان لەگـەڵ هەمـوو لایەنـەكان بـە جیـا رێككەوتنـی كـردووە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ئەگـەر یەكێتـی و گـۆڕان لـە نێـوان خۆیانـدا رێككەوتنیـان ئیمـزا كردبێـت، بـەوەی بـە سـەركردایەتی هاوبـەش لەگـەڵ پارتـی كۆبوونـەوە بكـەن، ئـەوا ئێمـە لەگـەڵ گـۆڕان و یەكێتـی رێككەوتنـی لـەو شێوەیەمان نییـە، لایەنێكـی دیكـە بەپێـی رێككەوتنـی نێـوان پارتـی و گـۆڕان بـۆ پێكهێنانـی حكومـەت، پارتـی رازی بـوو كـە سـەرۆكی پەرلەمـان بدرێتـە گـۆڕان، بـەڵام بزووتنـەوەی گـۆڕان كەسـێكیان كـرد بـە سـەرۆكی پەرلەمـان كـە پەرلەمانـی بـەرەو هەڵدێـر بـرد. یوسـف محەمـەد ئـەو كەسـە نەبـوو كـە بكرێتـە سـەرۆكی پەرلەمـان، لەبـەر ئـەوەی كەسـێكی كـەم ئەزمـوون بـوو لـە رووی سیاسـی، ئەزموونـی خەبـات و پێشـمەرگایەتی نەبـوو، ئەزموونـی ژیانـی پەرلەمانـی نەبـوو، راسـتەوخۆ گـۆڕان هێنایـان و كردیانـە سـەرۆكی پەرلەمـان، ئەویـش لـەو ئەزموونـە شكسـتی هێنـا، بۆیـە دەكـرا بزووتنـەوەی گـۆڕان كەسـێكیان بپاڵاوتایـە بـۆ ئـەو پۆسـتە كـە ئەزموونـی سیاسـی و خەباتـی پێشـمەرگایەتی هەبووایـە، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت پەرلەمـان بەڕێوەبەرێـت، لایەنـەكان لـە یەكتـری نزیـك بكاتـەوە. ئەگـەر سـەیری سـەرۆكەكانی پێشـووی پەرلەمانـی كوردسـتان بكەیـن، هـەر بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٩٤ كـە شـەڕی ناوخـۆ دەسـتی پێكـرد، سـەرۆكی پەرلەمـان و پەرلەمانتـارەكان لـە نـاو پەرلەمانـی دژی شـەڕەكە پەناگیرییـان هەڵبـژارد، لەمـەش زیاتـر زۆرجـار كۆبوونەوەكانـی پارتـی و یەكێتـی لـە پەرلەمـان دەكـرا، دیاریشـە لـەو ماوەیـەی رابـردوو، سـەرۆكایەتی پەرلەمـان لای پارتـی نەبـووە، بەڵكـو لای پارتـی و یەكێتـی بـووە، بـەڵام هەدوولامـان كەسـێكمان بـۆ سـەرۆكی پەرلەمـان كاندیـد دەكـرد، كـە بتوانێـت ئـەو ئەركـە بەڕێوەبەرێـت، كێشـەكان بـەرەو چارەسـەركردن بەرێـت، نـەك تەقاندنـەوە، بەداخـەوە بزووتنـەوەی گـۆڕان لەمـەدا سـەركەوتوو نەبـوون، ئێسـتاش ئەگـەر بمانەوێـت ئـەو چەقبەسـتووییە كۆتایـی بێـت، دەبێـت لەگـەڵ بزووتنـەوەی گـۆڕان

**مەسەلەی ئازادکردنەوەی موسڵ گرنگە و خۆشحاڵین چەندی زوو ئازاد بکرێتەوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە لەسەر دوای ئازادکردنی موسڵ رێکبکەوین**

**بوونی تیرۆریستانی داعش لە موسڵ هەموو کات هەڕەشەیە لە سەر هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، بۆیە پێمان باشە موسڵ ئازاد بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی لەسەر دهۆک و هەولێرە زووتر دووربخرێتەوە، بەڵام هەڵوێستەی ئێمە ئەوەیە موسڵ چۆن ئازاد دەکرێتەوە؟ دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن ئەو شارە بەڕێوەدەبرێت؟**

**کۆمەڵی ئیسلامی حزبێکە بەشدارە لە پەرلەمان و حکومەت، وەزیریان لە حکومەت هەیە، سکرتێری پەرلەمان لای ئەوانە، بەڵام ئەوان بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ پارتی دەکەن، وەک ئەوەی حکومەت و پەرلەمان تەنیا هی پارتی بێت و خۆیان لەدەرەوەی پرۆسەکە بن**

**مامۆستا سەلاحەدین پێشتریش خۆی ئەمینداری یەکگرتوو بووە، پیاوێکی بەئەزموونە و پێشتر مامەڵەمان لەگەڵ کردووە، بۆیە پێشبینی دەکەم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکگرتوو بەرەو پێشتر بچن**

دابنیشین و سەرلەنوێ ڕێککەوتنێکی دیکە بکەینەوە، بەڵام ئەوان مەرجی ئەوەیان هەبێت هەر دەبێت یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمان بێت، ئەوا ئەو تەجرەبە فاشیلە دووبارە ناکەینەوە.

*** ئەم قسەیە مانای ئەوەیە ئێوە وەك پارتی دەتانەوێت سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕدرێت، یان سەرۆکایەتی پەرلەمان نەدەنەوە بە بزووتنەوەی گۆڕان؟**

- ئێمە هەتا ئێستا لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەم پرسە کۆنەبووینەتەوە، ئێمە ئامادەباشیمان بۆ کۆبوونەوە هەبووە، بەڵام ئەوان پێداگیری ئەوە دەکەن، کە هەر دەبێت یوسف محەمەد بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمەش وایکردووە کۆبوونەوە نەکەین، بۆیە ئێمە ئەگەر کۆبوونەوە بکەین، دیارە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە کۆدەبینەوە، هەموو ڕێککەوتنێکیش پێویستی بە دانوستاندنە، هەردوولا دەبێت نەرمی بنوێنین، ئەگەر کۆبوونەوەکان دەستیان پێکردەوە، ئەو پرسانە هەموویان لە کۆبونەوەکاندا یەکلایی دەکرێنەوە.

*** ئەی سەبارەت بە سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان، ئایا ئێوە لەسەر ئەم پرسە لەگەڵیان کۆدەبنەوە؟**

- هەق نییە ئەم مەسەلەیە زۆر ئاڵۆز بکرێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بە سادەیی ئەوەیە، ئەگەر گۆڕان و یەکێتی بوونە یەك حزب، با ڕایبگەیەنن ئێمە بووینەتە یەك حزب، ئەوا ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك حزب مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، خۆ پێشتریش گۆڕان و یەکێتی هەر یەك حزب بوون و مامەڵەشمان لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئەگەر هەردوو حزبن و وەك دووحزب دێن لەگەڵ پارتی کۆدەبنەوە، ئەوا ئێمە بەجیا مامەڵە لەگەڵ هەردوو لایان (یەکێتی و گۆڕان) دەکەین، بەڵام پێکەوە وەك دوو حزب ئێمە لەگەڵیان کۆنابینەوە.

*** ئەی ئەگەر ئەوان پێداگیرییان کرد و ئەمەیان کرد بە مەرج بە سەر پارتییەوە، ئایا ئێوە ئەو مەرجە قبووڵ دەکەن؟**

- پێش هەموو شت لە مامەڵە و کۆبوونەوەی نێوان لایەنە سیاسییەکاندا مەرجی پێشوەختە قبووڵ نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لایەنێك پێش کۆبوونەوە مەرجی خۆی فەرزبکات، مانای ئەوەیە بۆچی کۆبوونەوە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو پێشتر مەرجی خۆی سەپاندووە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، پارتی دیموکراتی کوردستان مەرجی پێشوەختە لە هیچ لایەنێك قبووڵ ناکات، هەتا ئێستاش کە لەگەڵ گۆڕان کۆنەبووینەتەوە، لەبەر ئەوەیە گۆڕان مەرجی هەیە، ئێمەش ئەو مەرجەمان قبووڵ نەبووە، لە داهاتووشدا مەرجی پێشوەختە لە هیچ لایەك قبووڵ ناکەین.

*** بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستا جەختت لەسەر کۆبونەوەی لایەنە سیاسییەکان کردەوە. ئایا مەبەستت کۆبوونەوەی پێنج لایەنە سیاسییەکەی پێشووە کە ناوتان لێنابوو (کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی)، یان مەبەستت هەموو حزبەکانی کوردستانە؟**

- ئێمە کە باسی حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین، مەبەستمان هەموو ئەو حزبانەی کوردستانە کە مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەیە، بەوانەی لە حکومەت و پەرلەمان بەشدارن و بەوانەشی لە دەرەوەی حکومەت و پەرلەمانن، هەروەها لە کوردستان بێجگە لە کورد، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دیکە هەیە، ئەوانیش حزبی سیاسییان هەیە وەك کلد و ئاشووری و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە، چۆن دەبێت نوێنەری ئەو پێکهاتە سەرەکییانە لە بڕیاری چارەنووسسازی ئەم وڵاتە بەشدار نەبن؟ ئەم پرسەی کە ئێستا بۆتە کێشە، پرسی هەموو کوردستانە و پێوەندی بە هەموو حزب و پێکهاتەکانی کوردستانەوە هەیە، بۆیە دەبێت هەموو ئەو لایەنانە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا ڕۆڵی خۆیان هەبێت.

*** دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان هەتا ئێستاش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێککەوتنی ستراتیژی هەیە، هەردوولاش تەئکید دەکەنەوە ئەو ڕێککەوتنە هەرماوە، ئایا دوای ڕێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانتان چی بەسەر دێت؟**

- لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی لە ڕووی واقیعەوە کەموکورتی زۆری تێکەوتووە، بەڵام ڕێککەوتنەکە هەرماوە و کۆتایی نەهاتووە، ئەم ڕێککەوتنە ئیمزای سەرۆك بارزانی و مام جەلالی لەسەرە، هەتا ئێستا هیچ کامیان ڕایاننەگەیاندووە ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی هاتووە، لەمەش زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستان نایەوێت ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی پێبێت، لەبەر ئەوەی بەبێ پارتی و یەکێتی لەم وڵاتەدا حوکمڕانی ناکرێت. یەکێتی نیشتمانی شەریکی ئەساسی پارتی-یە لە بەڕێوەبردنی وڵات و لە شەڕی داعش، پێشتریش پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجا

**ئێمە ئەگەر نەتوانین بە ڕێگەی کۆبوونەوەی نێوان خۆمان کێشەکانی ئێستا چارەسەر بکەین، خۆ دەتوانین هەڵبژاردنی پێشوەختە بکەین و دووبارە لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن حکومەت و پەرلەمان دابمەزرێنەوە، ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەشمان پێ ناکرێت، هەڵبژاردنی داهاتوو تەنیا ساڵێکی ماوە، با ئەم ساڵە بارودۆخەکە بەڕێوەبەرین، ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت و کێشەکان چارەسەر دەبن**

**ئەگەر ئێستا سەیری پێکهاتەی حکومەتی کوردستان بکەین، لەگەڵ ئەوەی پارتی حزبی یەکەمە لە کوردستان و ٣٨ کورسی پەرلەمانی هەیە، بەڵام پشکی پارتی لە حکومەت هێندەی پشکی یەکێتیە، دیارە سەبارەت بەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشکی پارتی بووە، ئەمەش بەرامبەر سەرۆک کۆماری عێراق بووە کە پشتر پارتی و یەکێتی وا ڕێککەوتبوون، جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆماری بێت لە بەغدا و جەنابی سەرۆک بارزانی سەرۆک بێت لە کوردستان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەبوو هەردوولا هاوکاری یەکتری بکەن و ناو ماڵی کوردستان تەبا بێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان هێندەی لە خەمی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی کوردستانە، هێندە لەخەمی ئەم پۆست و ئەو پۆست نییە، هەر بۆیە لەسەر ئاستی بەشداری کورد لە بەغدا و هەروەها لەسەر ئاستی پێکهێنانی حکومەتیش لە کوردستان، پارتی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کورد و کوردستانییەکان یەکریز و یەکهەڵوێست بن بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە هەستیارە تێپەڕێنین**

**لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی لە ڕووی واقیعەوە کەموکورتی زۆری تێکەوتووە، بەڵام ڕێککەوتنەکە هەرماوە و کۆتایی نەهاتووە، ئەم ڕێککەوتنە ئیمزای سەرۆك بارزانی و مام جەلالی لەسەرە، هەتا ئێستا هیچ کامیان رایاننەگەیاندووە ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی هاتووە**

**لە کوردستان بێجگە لە کورد، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دیکە هەیە، ئەوانیش حزبی سیاسییان هەیە وەک کلد و ئاشووری و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە، چۆن دەبێت نوێنەری ئەو پێکهاتە سەرەکییانە لە بڕیاری چارەنووسسازی ئەم وڵاتە بەشدار نەبن؟**

ئەم وڵاتەیان بەڕێوەبردووە، بۆیە هاوپەیمانیی نێوان یەکێتی و پارتی زۆر گرنگە.

*** ئایا لەم ماوەیە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەتەوە، ئەگەر کۆنەبوونەتەوە، هۆکارەکەی چی بووە؟**

- بەنیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆببینەوە، بەڵام ماوەیەکە کۆنەبووینەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بووە، یەکێتی سەرقاڵی ڕێککەوتنەکەی بووە لەگەڵ گۆڕان، دوای ئەوەش سەرقاڵی خۆئامادەکردبوون بۆ یادی یەکێتی، بۆیە لەوماوەیە نەمانتوانیوە کۆببینەوە.

*** هەر سەبارەت بە پێوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی، دیارە لە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان لەگەڵ پارتی لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ پێکهێنانی حکومەت، یەکێتی نیشتمانی داوای کرد لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ستراتیژی دێتە ناو حکومەت، نەک وەك لایەنە سیاسییەکانی دیکە و لە بەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن. دیارە پارتی بەمە ڕازی بوو، ئەمەش بەوە مانایەی ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت، کاریگەری لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبوو، ئایا ئەمە بۆ ئێستاش هەروا نییە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان هێندەی لە خەمی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی کوردستانە، هێندە لەخەمی ئەم پۆست و ئەو پۆست نییە، هەر بۆیە لەسەر ئاستی بەشداری کورد لە بەغدا و هەروەها لەسەر ئاستی پێکهێنانی حکومەتیش لە کوردستان، پارتی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کورد و کوردستانییەکان یەکریز و یەکهەڵوێست بن بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە هەستیارە تێپەڕێنین، بۆیە ئەگەر ئێستا سەیری پێکهاتەی حکومەتی کوردستان بکەین، لەگەڵ ئەوەی پارتی حزبی یەکەمە لە کوردستان و ٣٨ کورسی پەرلەمانی هەیە، بەڵام پشکی پارتی لە حکومەت هێندەی پشکی یەکێتییە، دیارە سەبارەت بەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشکی پارتی بووە، ئەمەش بەرامبەر سەرۆك کۆماری عێراق بووە کە پشتر پارتی و یەکێتی وا ڕێککەوتبوون، جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری بێت لە بەغدا و جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆك بێت لە کوردستان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەبوو هەردوولا هاوکاری یەکتری بکەن و ناو ماڵی کوردستان تەبا بێت. ئێستاش ئێمە ئومێدی ئەوە دەخوازین هەوڵەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پاراستنی یەکریزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان بێت.

*** پرسێکی دیکە کە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی باسی لێکراوە، مەسەلەی ئەنجامدانی ریفراندۆمە، ئەم پرسەش پێویستی بەوەیە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان قسە بکەن، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ناتانەوێت پرسی ریفراندۆم تێکەڵی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان بکەن؟**

- بۆ ئەم قۆناخە زۆر گرنگە هەموو لایەکمان لەو ئاستەدا بیربکەینەوە کە پرسە چارەنووسسازەکان تێکەڵی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان نەکەین، چونکە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان قورس نین، هەر بۆ نموونە ئێمە ئەگەر نەتوانین بە ڕێگەی کۆبوونەوەی نێوان خۆمان کێشەکانی ئێستا چارەسەر بکەین، خۆ دەتوانین هەڵبژاردنی پێشوەختە بکەین و دووبارە لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن حکومەت و پەرلەمان دابمەزرێنەوە، ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەشمان پێ ناکرێت، هەڵبژاردنی داهاتوو تەنیا ساڵێکی ماوە، با ئەم ساڵە بارودۆخەکە بەڕێوەبەرین، ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن ئەنجامدەردێت و کێشەکان چارەسەر دەبن، بەڵام هەندێك پرسی دیکەی نیشتمانی هەن، نابێت لەسەر ئەم کێشانە پەکبخرێن، بۆ نموونە ماوەیەك پێش ئێستا فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا دەبوو یەك هەڵوێست بن بەرامبەر ئەو بارودۆخەی لە بەغدا هاتۆتەپێشەوە، ئەوە بوو هەروامان کرد و لیژنەیەك پێکهات بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا یەکهەڵوێست بێت، سەبارەت بە ریفراندۆمیش، دیارە ئەم پرسەش پێوەندی بە هەر تاکێکی کوردستانەوە هەیە و لە کێشە ناوخۆییەکانی نێوان حزبە سیاسییەکان گەورەترە، هەموو حزبەکانی کوردستانیش لە پەیڕەوپرۆگرامی خۆیاندا جەختیان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان کردۆتەوە، بۆیە ناکرێت پرسی ریفراندۆم گرێبدرێتەوە بە کێشەی نێوان حزبە سیاسییەکانەوە.

*** واتە ئێوە وەك پارتی ئامادەیی هەماهەنگی و قسەکردنتان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ پرسی ریفراندۆم هەیە؟**

- وەك مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتا ئەم پرسەمان نەکردۆتە بڕیار، بەڵام حەتمەن نییەتێکی وا هەیە کە ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بکرێت و کاتەکەی

دیاری بکرێت، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە هەموو حزبەکانی کوردستان هەماهەنگی بکەن و پێکەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجامبدەن.

*** ئەوەی گرێبیست بووین سەبارەت بە ریفراندۆم ئەوەیە کە دەڵێن، لەم ساڵەدا ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت، ئایا ئەمە بڕیارە، یان تەنیا ئومێدێکە؟**

- بۆچوونی جەنابی سەرۆک بارزانی بەوجۆرەیە، ئەگەر بتوانین لەم ساڵەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەین، بۆ کوردستان باشترە، بۆیە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکات و لەم ساڵەدا بکرێت، ئەمەش ئومێدی هەموو لایەکە و هەمووشمان پشتگیری هەوڵەکانی جەنابی سەرۆک دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەم ساڵەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەین.

*** لە چەند رۆژی رابردوو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆنگرەی خۆی گرێدا، لەم کۆنگرەیەدا ئەمینداری پێشتری یەکگرتوو دووبارە خۆی پاڵاوتەوە و بووەوە بە ئەمینداری یەکگرتوو، هەروەها سەرکردایەتییەکی تازەشیان هەڵبژارد، ئێوە وەك پارتی پیرۆزباییتان بۆ ناردن، بەڵام بەشداری کۆنگرە نەبوون، ئایا پێوەندیتان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی چۆنە؟**

- بۆ کۆنگرەی یەکگرتوو، جەنابی سەرۆك بارزانی پیرۆزبایی بۆ ناردوون، هەروەها کاك نێچیرڤان بارزانی بە تەلەفۆن پێوەندی پێوەکردوون و پیرۆزبایی لێکردوون، مەکتەبی سیاسیش پیرۆزبایی بۆ ناردوون، سەبارەت بەوەشی کە بەشداری کۆنگرەکەیان نەبووین، ئەوان خۆیان هیچ لایەکیان بانگهێشت نەکردبوو، دیارە پێوەندیشمان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی پێوەندییەکی باشە، ئێستاش کە کۆنگرەیان کردووە و مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین بۆتەوە بە ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، دیارە مامۆستا سەلاحەدین پێشتریش خۆی ئەمینداری یەکگرتوو بووە، پیاوێکی بەئەزموونە و پێشتر مامەڵەمان لەگەڵ کردووە، بۆیە پێشبینی دەکەم پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکگرتوو بەرەو پێشتر بچن.

*** بۆچی پێوەندییەکانتان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی سارد و سڕن؟**

- کۆمەڵی ئیسلامی حزبێکە بەشدارە لە پەرلەمان و حکومەت، وەزیریان لە حکومەت هەیە، سکرتێری پەرلەمان لای ئەوانە، بەڵام ئەوان بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ پارتی دەکەن، وەك ئەوەی حکومەت و پەرلەمان تەنیا هی پارتی بێت و خۆیان لەدەرەوەی پرۆسەکە بن، ئەگەر واقیعییانەش سەیری پێکهاتەی حکومەت بکەین، یەکێتی و گۆڕان دوو هێندەی پارتی پۆستیان لایە، لەلایەکی دیکە کۆمەڵی ئیسلامی ئەگەر شتێکی هەیە لەسەر حکومەت و پەرلەمان، بۆ کە خۆی لەناو حکومەت و پەرلەمانە، لەوێ قسەی خۆی ناکات، بۆیە لەسەر ئەم پرسانە پێوەندییەکانمان ساردن.

*** دیارە پرسی ئازادکردنی موسڵیش خەریکە نزیك دەبێتەوە، بەتایبەتی لەم چەند رۆژەی رابردوو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان زیاتر پێشڕەوییان کردووە بەرەو موسڵ و چەندین ناوچەی دیکەیان ئازاد کردووە، ئەمەش هەندێك چاودێر وەك سەرەتای ئازادکردنی موسڵ سەیری دەکەن، سەبارەت بە ئازادکردنەوەی موسڵ راتان چییە؟**

- سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە چەند رۆژی رابردوو زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی لە ناوچەی تەلوەرد ئەو گوندانەیان ئازادکردەوە، بەمەش مەترسییان لە سەر رۆژئاوای هەولێر لابرد کە جاروبار لەو ناوچانەوە تەقە لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەکران، بۆ ئازادکردنەوەی موسڵیش بەڵێ بەرنامە هەیە، لەبەر ئەوەی بوونی تیرۆریستانی داعش لە موسڵ هەموو کات هەڕەشەیە لەسەر هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، بۆیە پێمان باشە موسڵ ئازاد بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی لەسەر دهۆك و هەولێرە زووتر دووربخرێتەوە، بەڵام هەڵوێستەی ئێمە ئەوەیە موسڵ چۆن ئازاد دەکرێتەوە؟ دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن ئەو شارە بەڕێوەدەبرێت؟ ئاشکرایە کوردێکی زۆر لە موسڵ ئاوارە بووە و دەرکراوە، خۆتان دەزانن رێژەی کورد زۆر زۆرە لە موسڵ و تەنانەت پێشتر دەیانگوت شتێکی ئەوتۆی لە عەرەب کەمتر نییە، بۆیە پرسیار ئەوەیە چۆن ئەو کوردانە جارێکی دیکە دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو شارە و نیشتەجێ دەکرێنەوە؟ لایەنێکی دیکە ئایا ئەو شارە کێ بەڕێوەی دەبات؟ ئایا رێکدەکەوین بە هاوبەشی بەڕێوەی بەرین، یان تەنیا عەرەبی سوننە بەڕێوەی دەبات، یان حەشدی شەعبی دێتە ناو شارەکە و هەمان کارەساتی تکریت و رومادی دووبارە دەکاتەوە؟ بۆیە مەسەلەی ئازادکردنەوەی موسڵ گرنگە و خۆشحاڵین چەندی زوو ئازاد بکرێتەوە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە لەسەر دوای ئازادکردنی موسڵ رێکبکەوین.

**هەتا ئێستا کە لەگەڵ گۆڕان کۆنەبووینەتەوە، لەبەر ئەوەیە گۆڕان مەرجی هەیە، ئێمەش ئەو مەرجەمان قبووڵ نەبووە، لە داهاتووشدا مەرجی پێشوەختە لە هیچ لایەک قبووڵ ناکەین**

**دژی رێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی نین، ئەوان دوو حزبن و مافی خۆیانە رێککەوتنی سیاسی بکەن، ئەوجا لەبەر ئەوەی پێشتریش بنکەی جەماوەری گۆڕان و یەکێتی تێکەڵ بووە، بۆیە بە ئاسایی دەزانین هەتا ئەگەر ببنەوە بە یەک حزبیش**

**سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پێگە و شکۆی کوردستانیان لە جیهاندا بەرزکردۆتەوە، دەوڵەتان پشتگیریمان دەکەن، ئەمە هەلومەرجێکی گرنگە بۆمان هاتۆتە پێشەوە و ئەگەر خوانەخواستە لەدەستی بدەین زەحمەتە هەلومەرجی لەباری وەک ئەمڕۆمان بۆ دروست ببێتەوە**

**ئەگەر ئێستا بارودۆخی کوردستان لەبار بوایە، وادەی بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بە هۆی شەڕی داعش و بارودۆخی کوردستانەوە کۆنگرە گرێنادرێت هەتا بە هەموو سیاسەتی خۆماندا بچینەوە. بۆیە لە ئێستادا و لە بری کۆنگرە، مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی کۆبوونەوەی کردووە بۆ ئەوەی دیراسەتی تەواوی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان بکەین**

# دەوڵەتی کوردستان پڕکەرەوەی ڕاستەقینەی بۆشاییە لە ناوچەکەدا



ئازا حەسیب قەرەداخی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

نەمانی داعش و نەمانی هەردوو دەوڵەتی فاشی و فاشیلی عێراق و سووریا لێکگرێدراون. بە نەمانی ئەم دوو دەوڵەتەش بۆشاییەکی جیۆپۆلیتیك لە ناوچەکەدا دروست دەبێ. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سستی بنوێنن ئەوا ئێران بە حوکمی نزیکی و هەژموونەوە، کاندیدی یەکەم دەبێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. لەم بارەیەوە تورکیاش ناتوانێ ببێتە ڕکابەری ئێران چونکە لە سنووری ئەودا کوردستان ڕێگرە. بەڵام لە خوار مەندەلییەوە تا دەگاتە بەسرا بۆ ئێران کراوەیە و لە بەغدادیشەوە تا دەگاتە دیمەشق ڕێگا دەکاتەوە. کەواتە سەبارەت بە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەردەم پرکێشییەکی یەکجار مەزندایە کە لە دوای نەمانی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە هیچ جارێکی دیکە پێدراوی ئاوا مەترسیدار دروست نەبۆتەوە. ئەوسا کە پیاوە نەخۆشەکە، ئیمپراتۆریی عوسمانی لەناوچوو، هیچ هێزێك لە ناوچەکەدا نەبوو مل لەبەر ملی هێزی هاوپەیمانان بنێ، بەتایبەتی لە دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆرییە لەناوچووەکە. ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبەریش نەبوایە لە ڕووسیا، لەوانە بوو تەنانەت نەخشە و پلانەکەی سایکس پیکۆ-یش ئاشکرا نەبوایە. بەڵام ئێستا لە ناوچەکەدا هێزەکانی ئێران و تورکیا و سعودیا و ئیسرائیل هەن کە هەر یەکەیان بەپێی جۆری میحوەربەندی و بەرژەوەندییەکانیان نەك دەخالەت لە سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی ناوچەکە دەکەن، بەڵکو نیازیانە لەوەیش زیاتر بکەن تا ڕادەی هەژموونی تەواوەتی. کەواتە ناوچەکە دوو دەوڵەتی تێدا نامێنێ، زۆر ڕوون نییە کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا چ دیزاینێکیان هەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە. ئیسرائیل دیزاینی خۆی هەیە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان یەکێکە لە پێکهاتەکانی. تورکیا بە هەموو دیزاینێك ڕازییە بەو مەرجە دەوڵەتی کوردستانی تێدا نەبێ و ئەگەر هەر ناچاریشە بەوەی ئەم دەوڵەتە بێتەئاراوە، ئەوا نابێ گرێدراو بێ لەگەڵ بەشە کوردستانییەکەی سووریا. سعودیا دەیەوێ بەشی عەرەبی سوننەنشینی هەردوو دەوڵەتە لەناوچووەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان با فیدراڵیش بێ لێکگرێبدات، لەم پێناوەشدا ناڕازی نییە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و کردنەوەی دەرگا سیاسی و دیپلۆماسییە داخراوەکانی لەگەڵ ئیسرائیل. ئەمما ئێران بە هاوکاری ڕووسیا ئەگەرچی سوور دەزانێ عێراق و سووریا بەم نەخشەیەی ئێستایان نەماون و درووستیش نابنەوە، بەڵام سووره لەسەر ئەوەی دەستکاری نەخشەی ناوچەکە نەکرێ و خۆی بۆشایی هەردوو دەوڵەتی لەناوچوو پڕ بکاتەوە. هەڵبەت ئەم مل لەبەر یەکنانە لە نێوانی هێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، پرسێکی ئاڵۆزە و دەرکەوتەی و دەرەنجامی ئاڵۆزیشی لێدەکەوێتەوە. وا زیاتر لە دوو ساڵە ئێمەیش لە هەرێمی کوردستان و تەواوی پارچەکانی کوردستان بەشمان لەم دەرەنجامە ئاڵۆز و تێکهەڵکێشانە هەیە. ئاماژەکان نیشانەی یەکجار زۆریان تێدایە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان. بەڵام دروستبوونێکی سەخت و بە قوربانیی مرۆیی و ئابووری زۆرەوە. زۆرن ئەو پێدراوە ڕەسمی و ناڕەسمییانەی وەکوو هەواڵی پشتی پەردەکان و هاوکارییە ئاشکراکان و لێدوانە میدیاییەکان و توێژینەوە جۆراوجۆرەکان، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، تا ڕادەیەکی زۆر بنەمای ڕاستی و دروستی ئەو دیزاینە نوێیە بۆ ناوچەکە دەردەخەن کە دەوڵەتی کوردستانی تێدایە. کۆنفرانسەکەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ٣٠/ ٥/ ٢٠١٦ بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان

و جێگرەکەی و جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی لە عێراق و باڵیۆز و کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەکادیمیست و پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانی بۆ راگەیاندنی پلانی ڕیفۆرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بە هاوکاری و پشتگیریی بانکی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی، UN و دەزگا پێوەندیدارەکانی، ئامادە کراوە، یەکێکە لە ئاماژە هەرە گرنگەکان. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەر لە کۆتایی یەکجارەکی داعش و هەڵوەشانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا، هاتوونەتە سەرخەت کە هەرێمی کوردستان لەسەر زەوینەیەکی راست و ساغڵەم لە رووی سیاسی و ئابووری و کارگێڕییەوە پایەدار بکەن، تا ببێتە قەوارەیەك پەیکەری حکومەتەکەی لە گیاکەڵەی گەندەڵی و بێکارانی دەمامککراو پاکژ کرابێتەوە و پشت بە سەرچاوەی جۆراوجۆر ببەستێ بۆ داهات و دروستکردنی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتییان و پشتیوانیکردن لە بەشداریی فراوانتر و کاراتری کەرتی تایبەت لە هەموو کەیسەکانی ژیانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا. هەرێمی کوردستان خاڵی بەهێزی ئابووری و جوگرافی و ستراتیژیی ئەمنی و عەسکەری هەیە و دەرفەتی باشی بۆ گەشەکردن هەیە، لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرێمایەتییەوە وەکوو قەوارەیەکی نوێ و سەرچاوە و سەرزەمینێکی نوێ بۆ چەندین جۆر بەرژەوەندی تەماشای کراوە و تا هەنووکەیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و زۆر هیوایشی لەسەر هەڵچنراوە. ئەم هەرێمە لە کاتی هەڕەتی گەشە و بزاوتیدا، لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا ڕووبەڕووی پڕکێشی زۆر سەخت بووەوە. بڕینی بودجە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە. سەپاندنی جەنگێکی خوێناوی لەلایەن «داعش» ـەوە، وێڕای خەرجیی زۆری ڕۆژانەی جەنگ، زیاتر لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار ئاوارە و پەنابەریش لە سووریا و ناوخۆی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد کە دەبێ هەموو خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاسایش، تەندروستی، پەروەردە، ئاو و کارەبا و هەموو خزمەتگوزارییەکانی دیکەیان بۆ دابین بکرێ. ئینجا دابەزینی نرخی نەوت. هەموو ئەم هۆکارانە لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەتی هەرێم بوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە حکومەت خۆیشی لە پەیکەر و سیستەمی کارگێڕی وبەڕێوەبردنی داراییدا، کێشە و کەموکوڕی نەبووە. بۆیە هەڵمەتی هاوکاری و دەستگیرۆیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە کۆنفرانسەکەدا لە ئاستی دامەزراوە کاریگەرەکان نوێنەرایەتییان هەبوو، مانای وایە لەسەر هەردوو هۆکارەکان، ئەوانەی خەتای حکومەتی هەرێم خۆین و ئەوانەیشیان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتدان، کاردەکەن بۆ چارەسەر. ئەمەیش پێدراوێکی یەکجار گەورەیە کە لە کاتێکدا دوو دەوڵەتی ناوچەکە غەرقی قەیرانە ئابووری و سیاسی و عەسکەری و ئەمنییەکانیان بوون و هەڵدەوەشێنەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هانای هەرێمێکەوە دێن و بەشداری راوێژکارانە و کردەنی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پەیکەر و شێوازی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دارایی و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی داهات جگە لە نەوت و گاز، لە بوارەکانی دیکەی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، گواستنەوە و گەیاندن، بازرگانی، وەبەرهێنان، بەشدارییپێکردنی زیاتری کەرتی تایبەت، دۆزینەوە و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و هەموو ئەو بوارانەی کە دەکرێ ببنە جێگرەوەی نەوت و گاز. سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە وتارەکەیدا لەو کۆنفرانسەدا وتی: (حکومەت پێویستی بە نەخشەڕێگا و پلانێکە بۆ ڕیفۆرمی بنەڕەتیی دارایی و ئابووری و کارگێڕیی، کە لەسەر ستاندارد و بنەما زانستییە نێودەوڵەتییەکان و بە هاوکاری و چاودێریی لایەنە پێوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان ئامادە کرابێت. پلانێك کە خەڵکی نەدار، هەژار و کەمدەرامەت بپارێزێت و جێبەجێکردنی پلانەکە نەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی سەختتر بۆ ئەوان. بە پێچەوانەوە گشتگیر بێت و ببێتە هۆکارێك بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کاری زیاتر بۆ هەمووان و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و دەستپێکردنەوە و بەردەوامیی گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان). ئەم دەربڕینە کە دەستینەوە بەوەوە کە قۆناغی یەکەمی پلانی ریفۆرمی حکومەت تەواو بووە و تێیدا بانکی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی زانستی هاوکاری و یارمەتییەکی زۆری پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئامادەکردنی پلانەکە، لە قۆناغی دووەمیشدا حکومەت چاوی لەوەیە کە بۆ یارمەتی و پشتگیری لە جێبەجێکردنی پلانەکە، هاوکاریی تەکنیکی پێشکەش بە حکومەت بکەن و پشتگیریی جێبەجێکردنی پلانەکە بکەن. نوێنەرانی ئەوانیش لە کۆنفرانسەکەدا ئەمەیان دووپات کردەوە کە بەڵێ لە قۆناغی دووەمیشدا کە لەوانەیە سێ ساڵ بخایەنێ، پشتیوان و هاوکار و یارمەتیدەری حکومەتی هەرێم دەبن، کەواتە رۆژانی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی - ئابووریی ساغڵەم زۆر نزیکە. کەواتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پەرۆشەوە لەسەر خەتن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە جیۆپۆلیتیکەی لە پاش نەمانی عێراق و سووریا لە ناوچەکەدا دروست دەبێ و لەمبارەیەوە پێش ئێران دەکەون و سەرلەنوێ و لەسەر پاشماوەکانی میراتی عێراق و سووریا، دیزاینی ناوچەکە دەکەنەوە.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پەرۆشەوە لەسەر خەتن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە جیۆپۆلیتیکەی لە پاش نەمانی عێراق و سووریا لە ناوچەکەدا دروست دەبێ و لەمبارەیەوە پێش ئێران دەکەون و سەرلەنوێ و لەسەر پاشماوەکانی میراتی عێراق و سووریا، دیزاینی ناوچەکە دەکەنەوە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەر لە کۆتایی یەکجارەکی داعش و هەڵوەشانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا، هاتوونەتە سەرخەت کە هەرێمی کوردستان لەسەر زەوینەیەکی راست و ساغڵەم لە رووی سیاسی و ئابووری و کارگێڕییەوە پایەدار بکەن، تا ببێتە قەوارەیەك پەیکەری حکومەتەکەی لە گیاکەڵەی گەندەڵی و بێکارانی دەمامککراو پاکژ کرابێتەوە**

**نەمانی داعش و نەمانی هەردوو دەوڵەتی فاشی و فاشیلی عێراق و سووریا لێکگرێدراون. بە نەمانی ئەم دوو دەوڵەتەش بۆشاییەکی جیۆپۆلیتیک لە ناوچەکەدا دروست دەبێ. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سستی بنوێنن ئەوا ئێران بە حوکمی نزیکی و هەژموونەوە، کاندیدی یەکەم دەبێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە**

دەیڤید ئیگناتیۆس یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی جیهان و ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە کاری ڕۆژنامەگەری دەکات، لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٣ پەیامنێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بووە و ڕوومالّی شەڕەکانی لوبنان و عێراقی کردووە. ئیگناتیوس لە ڕۆژنامەکانی هیرالد تریبیون و وۆڵ ستریت جۆرناڵ کاری کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٠یشەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستە و ستوونووسی ئەو ڕۆژنامەیەیە، هەروەها لەگەڵ فەرید زەکەریا سەرپەرشتی پۆست گلۆب لە واشنتنۆن پۆست دەکەن کە بە ڕێگەی ئۆنلاین وتووێژ لە سەر پرسە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی بە ڕێگەی ئەنتەرنێت لە پۆست گلۆب ئامادە دەبن. ئیگناتیۆس چەندین ڕۆمانیشی نووسیوە، هەروەها لە سکوڵی کنێدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد وانەبێژ بووە، ئێستاش بێجگە لە کاری ڕۆژنامەگەری لە هەمانکاتدا توێژەرە لە پرۆگرامی ئایندەی دیپلۆماسی. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا و عێراق بەتایبەتی، هەروەها بۆ باسکردن لە بارەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاریکاریکردنی کوردستان، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.

## دەیڤید ئیگناتیۆس

### ستوونووسی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بۆ گوڵان:

# نەخشەی ئێران و سعودیە و تورکیا بۆ ناوچەکە خەریکە جێگەی سایکس پیکۆ دەگرێتەوە



**لە ماوەی مانگی ڕابردودا دوو جار سەردانی کوردستانم کردووە و هەموو جارێک کە دێمە کوردستان بە گەشبینییەکی زیاترەوە دەگەڕێمەوە**

**هەرێمی کوردستان کارێکی پاڵەوانانەی ئەنجام داوە بۆ لەخۆگرتنی شەپۆلی پەنابەران و پاراستنی سەقامگیری ئەم هەرێمە، سەرەڕای ئەو تەحەددییە گەورەیەی ڕووبەڕووی بۆتەوە بە هۆی هاتنی ئەو هەموو خەڵکەوە**

**نیگەرانم کاتێک لە کوردستاندا زیاتر سیاسەتی حزبی بەدی دەکەم و جیاوازی توند لە نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکاندا دەبینم. هەروەها نیگەرانم کاتێک ئاماژەی گەندەڵیی ڕوولەزیاد دەبینم لە کوردستاندا و کاتێک بەڵگەی ناکۆکی سیاسی بەدی دەکەم کە کاریگەری هەیە لەسەر کارابوونی کورد بەگشتی**

*** سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا ئیدارەی ئەمەریکا دەیەوێت خۆی لە پشێوی و ناسەقامگیرییەکانی ئەم ناوچەیە دووربخاتەوە، یاخود زیاتر هەوڵەکانی بەتایبەتی لە سووریا و عێراقدا چڕدەکاتەوە؟**

- لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە بریتی بووە لە کارکردن لەگەڵ دۆستەکانی لە عێراق و سووریا. لە ئێستادا ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئەمەریکا مەشق و ڕاهێنان بە هێزە کوردییەکانی سووریا دەکەن، هەروەها لە نزیکیشەوە ئەو ڕاوێژکارانە لەگەڵ پێشمەرگە لە هەولێر کاردەکەن و چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوویان لە موسڵ ئەنجام داوە. لە ئێستادا ئیدارەی ئەمەریکا و پێنتاگۆن پێیانوایە بۆ زیادکردنی گوشارەکان لەسەر داعش و پاشەکشەپێکردنیان هاوکاریکردن لەگەڵ کورد باشترین ڕێگەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وای دەبینم کە ئەگەری ئەوە نەبێت، گۆڕانکاری لەم سیاسەتەیان بکەن و سەربازی زیاتر ڕەوانەی ناوچەکە بۆ شەڕی دژی داعش بکەن.

*** لەم ماوەیە بە بۆنەی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ وتارێکت لە واشنتۆن پۆست بڵاو کردەوە، کە تێیدا باست لە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ و ئەگەری هاتنەئارای نەخشەیەکی نوێ کردبوو. بە بۆچوونی ئێوە ئایا پێویستە ئەم نەخشە نوێیە چۆن بێت؟**

- ئاشکرایە لە ئێستادا کە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، باسی نەخشەیەکی نوێ دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە کە هێزە دەرەکییەکان بێن دابنیشن و دەست بە داڕشتنەوەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بارودۆخی ئێستا بارودۆخی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش نییە، هەتا هێزە دەرەکییەکان بە مەیلی خۆیان و چۆنیان دەوێت ئاوا نەخشەکە دابڕێژن. ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە و دەبێت ئەو نەخشە نوێیە بەرەنجامی گەشەکردنێکی سروشتی بێت، لەسەر ئەم پرسە و وەک لە دوایین وتاری خۆمدا لە واشنتۆن پۆست ئاماژەم پێکردووە، نەخشە و پلانی هێزە ئیقلیمییەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی نەخشە و پلانی هێزە کۆلۆنیالییەکانی سەدەیەک پێش ئێستایان گرتۆتەوە، لەو هێزە ئیقلیمیە گەورانەش وەک ئێران و تورکیا و سعودیە، بێگومان ئەم نەخشە ئیقلیمییانەش کە ئێران و سعودیە و تورکیا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، بە ئەندازەی نەخشەی سایکس پیکۆ واتە ئەو نەخشەیەی بەریتانیا و فەرەنسا لە ١٩١٦ کێشاویانە، خۆپەرستانەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەریەک لە ئێران و سعودیە و تورکیا هەڵدەستن بە بەکارهێنانی هاوپەیمان و وەکیلەکانیان بۆ شەڕی بەوەکالەت بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەی کە خۆیان مەبەستیانە و لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، بۆیە لەم بارودۆخە و لە ناو ئەم گێژاوە بەتایبەتی دەبێت لە ئاستی ئەو هێزە ئیقلیمییانە زۆر وریا بن. هەروەها دەبێت هۆشیار و وریا بن سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە لە ئایندەی ناوچەکەدا دەیبینن. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە من وای دەبینم بارودۆخی دوای سایکس پیکۆ پێویستی بە کاتێکە کە لانیکەم چەند ساڵی دەوێت، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بە هەڵەدا دەچین ئەگەر پێمانوابێت بارودۆخەکە بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەردا ڕوودەدات، بەڵام زەمینەی ئەم بارودۆخە بەڕێوەیە و لە گەڵاڵەبووندایە.

*** کەواتە لە سەروبەندی گۆڕانکارییەدا ئایا تا چەند ئەگەری هاتنەئارای دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان بوونی هەیە؟**

- دووبارەی دەکەمەوە گۆڕینی نەخشەی سایکس پیکۆ، یان نەخشەی ئێستای ناوچەکە پرسێک نییە کە هێزە دەرەکییەکان چارەسەری بکەن. ئەم پرسە پەیوەستە بەو ماوەیەی زەمینەی گۆڕانکاریی بارودۆخە دێتەئاراوە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، پێشبینی من ئەوەیە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردستان کاتی دەوێت و چەند ساڵێکی دەوێت. من وەک کەسێک کە ڕێز لە خواستی کورد دەگرم، کاتێک دەیانبینم پەرۆشی ئەوەن وڵاتی خۆیان هەبێت، بەڵام نیگەرانم لەوەی تا چەند لە دۆخێکی تەندروستدا ئەم کارە دەکەن، چونکە من نیگەرانم کاتێک لە کوردستاندا زیاتر سیاسەتی حزبی بەدی دەکەم و جیاوازی توند لە نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکاندا دەبینم. هەروەها نیگەرانم کاتێک ئاماژەی گەندەڵیی ڕوولەزیاد دەبینم لە کوردستاندا و کاتێک بەڵگەی

ناکۆکی سیاسی بەدی دەکەم کە کاریگەری هەیە لەسەر کارابوونی کورد بەگشتی. ئەمە سەرنجی منە وەك چاودێرێکی دەرەکی لەسەر کوردستان. خوازیارین وێنەیەکی جیاوازی کوردستان ببینین کە لێبووردەیی هەبێت و تێڕوانینێکی مۆدێرن هەبێت بۆ ژیانی سیاسی و ئابوورییەکی مۆدێرنی لە ئارادا بێت و گەندەڵییەکی زۆر بوونی نەبێت، واتە گرنگە کوردستان کار لەسەر ئەو پرسانە بکات.

*** بەم دواییە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و چەندین فەرماندەی سوپای ئەو وڵاتە سەردانی کوردستانیان کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا کۆبوونەوە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بەوەی پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ کاری لەسەر دەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پلانی بۆ عێراقی دوای داعش هەیە؟**

- مەزەندەکردن بۆ پلانی ئەمەریکا بۆ عێراق بۆ دوای نەمانی داعش، ئاسان نییە و من پێموانییە ئیدارەی ئەمەریکا وەك پێویست ستراتیژیەتێکی بۆ قۆناخی دوای نەمانی داعش لە عێراقدا هەبێت، بۆیە ئەگەر سەیری سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی عێراق بکەین، بە راشکاوی ئەوە دەبینین لە سەر ئاستی پلانی سەربازی بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی ستراتیژێك هەیە و کارەکان باش بەڕێوەدەچن، بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی پلانی سیاسی بێ سەروبەرییەك هەیە و دەبێت بۆ کاراکردنی ستراتیژیەتی سیاسی کاری زیاتر بکرێت. واتە دەبێت بەرچاوڕوونییەك هەبێت و خواست و بانگەشەی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان چارەسەر بکرێت. حاڵی حازر ئەمەریکا لە نزیکەوە کار لەگەڵ بەغدا دەکات و بە هەمان شێوە هەولێریش، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئەنقەرەشدا بکات، هەموو ئەوانە کاری باشن لە ئێستادا، بەڵام قۆناغێك دێتەپێشەوە کە دەبێت بڕیاری زیاتر بدرێت و ڕەنگە ئەمەش بۆ سەرۆکی داهاتوو بەجێ بهێڵدرێت کە ستراتیژیەتێکی ڕوونتر بگرێتەبەر.

*** ئاشکرایە کە حاڵی حازر هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ١,٨ ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی کردووە کە ئەرکێکی گرانیان خستۆتەسەرشانی حکومەت، شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن کە پتر لە ٥٠٠ هەزار ئاوارەی دیکە ڕوو لەم هەرێمە بکات بە هۆی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی موسڵەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە کوردستان چی بکات و ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم ڕووەوە چییە؟**

- هەرێمی کوردستان کارێکی پاڵەوانانەی ئەنجام داوە بۆ لەخۆگرتنی شەپۆلی پەنابەران و پاراستنی سەقامگیری ئەم هەرێمە، سەرەڕای ئەو تەحەددییە گەورەیەی ڕووبەڕووی بۆتەوە بە هۆی هاتنی ئەو هەموو خەڵکەوە. لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم ئەمەریکا هاوکاری زیاتری کوردستان بکات، ڕاستە لە ئێستادا هەندێ هاوکاری دارایی دەستبەرکراوە، بەڵام هێشتا لەوەش زیاتر پێویستە. چونکە لە ماوەکانی داهاتوودا کە هێرش بکرێتەسەر موسڵ و ڕەققە، ئەوا فشاری زیاتر لەسەر کوردستان دروست دەبێت و پێویستە ئەمەریکاش هاوکاری دۆستێکی خۆی بکات- کە کوردستانە- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە. پرسێك کە ئەمەریکا تێی بگات لە بارەی عێراقەوە ئەوەیە کە کورد هەست بە نائومێدی دەکەن لە ئاست عێراقدا و کوردیش کاری باشیان ئەنجامداوە و ئەمەش دەبێتە بناغەیەك بۆ هاوکاریی دارایی زیاتر بۆ کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی داهاتووی نزیکدا.

*** لە کۆتاییدا دوا وتە و پەیامتان بۆ خەڵکی کوردستانم چییە، بەتایبەتی کە بەم دواییە سەردانی هەولێرتان کرد؟**

- لە ماوەی مانگی ڕابردودا دوو جار سەردانی کوردستانم کردووە و هەر جارێك کە دێمە کوردستان بە گەشبینییەکی زیاترەوە دەگەڕێمەوە، گەشبینی بە ئایندەیەکی باش بۆ کورد. ئەمە لە کاتێکدا زەحمەتترە ئەم گەشبینییەت هەبێت لە ئاست ناوچەکەدا، یان عێراق، یاخود سووریا بە تێکڕا. کەوابێت ئەمە لە هەندێ ڕووەوە ساتەوەختی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئومێدی من ئەوەیە سەرکردایەتی کورد هەموو کارێك کە مومکین بێت ئەنجامی بدات بۆ پاراستنی بەهاکانی دیموکراسی و کرانەوە و لێبووردەیی لە ئاست پارتەکانی دیکە و نەهێشتنی گەندەڵی، ئەمانە بناغەی ئایندەیەکی باشن، واتە ئەو بەهایانە بە تۆکمەیی بهێڵنەوە لەم ڕۆژگاری پڕ لە تەحەددییەدا.

**هەریەک لە ئێران و سعودیە و تورکیا هەڵدەستن بە بەکارهێنانی هاوپەیمان و وەکیلەکانیان بۆ شەڕی بەوەکالەت بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەی کە خۆیان مەبەستیانە و لە بەرژەوەندی خۆیاندایە**

**لە ئێستادا کە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، باسی نەخشەیەکی نوێ دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە کە هێزە دەرەکییەکان بێن دابنیشن و دەست بە داڕشتنەوەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بارودۆخی ئێستا بارودۆخی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش نییە، هەتا هێزە دەرەکییەکان بە مەیلی خۆیان و چۆنیان دەوێت ئاوا نەخشەکە دابڕێژن**

# دامەزراندنی دەوڵەت وەک بنەمای ئاسایش و دیموکراسی کوردستان



د.چواس حەسەن*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کورد پتر لە سەدەیەکە بە دوای ئاسایش و مافە سروشتییەکانی خۆیەوە وێڵە، لەوانەیە لە هەموو میللەتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەسەبرتر بوو بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی. کورد بۆ ئەوی بە ئاسایشی کۆمەڵگەکەی و بە مافە سەرەتاییەکانی بگات، گەلێك ڕێگا و بیر و ئایدیۆلۆژیای تاقیکردۆتەوە، گەلێك سەروماڵی بەخشیوە، گەلێك برایەتی و ڕێککەوتنی بەستووە.

هەرێمی کوردستان، لەدوای پتر لە سەدە و نیوێك لە لەبەین بردنی میرنشینە کوردییەکان لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری-یەوە، یەکەم قەوارەی حوکمڕانیی کوردە کە چ لە ڕووی جوگرافیاوە هێندە فراوان بێت، چ لە ڕووی کاتەوە هێندە بەردەوام بێت، چ لە ڕووی ئابوورییەوە توانای خۆبژێوی هەبێت و، چ لە ڕووی پێوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە هێندە بەپێگە و کاریگەر بێت.

بۆیە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەمڕۆکەی گەلی کوردستان لەوەدا خۆی دەنوێنێت: ئایا هەرێمی کوردستان پێویستە بکرێتە دەوڵەتێك، یان دەکرێت لەم جوغزەی ئێستایدا بەردەوام بێت؟ ئایا پێشینەی گەلی کوردستان لەنێوان جاڕدانی دەوڵەت و لەنێوان بەرقەرارکردنی دیموکراسی و دابینکردنی بژێویدا، کامیانە؟ ئایا بەڕاست چەمکەکانی دەوڵەت، ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری لە یەکدی دابڕاون و دەکرێت قۆناغ بەندییان بکەین و لە پڕۆژەیەکدا لەناو کۆمەڵگەدا بەپێی پلانێك و یەك لەدوای یەك بیانچەسپێنین، یان بەیەکەوە گرێدراون و بەبێ یەکدی ناکرێت بیریان لێ بکەینەوە؟ زۆر بە وردی، دەکرێت کۆمەڵگە بە دیموکراسی بکرێت پێش ئەوەی دەوڵەت دابمەزرێندرێت؟ لەم ڕۆژانەدا ئەم پرسیارانە بە یەکەوە و بە جیاجیاش، بە هەر مەبەستێك بێت، لەلایەن کەسان و ناوەندانێکەوە دەورووژێندرێن و جۆرێك لەوەڵامچوو و وەڵامی ورد

دەدرێنەوە، خەڵكیان پێ تەیار دەكرێت بەم یان ئەو باردا. ئێستا سەردەمی گفتوگۆی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانەیە، ئێستا ساتەوەختی بڕیاردان و بەیەكەوە كاركردنە، ئێستا سەردەمی هەڵڕشتنی سەرجەم خەرمانەی ئەزموون و بیرو هزری كۆكراوەی سەدەیەكمانە، بۆیە دەبێت گفتوگۆكانیشمان لەو ئاست و بەرپرسیارەتیەدا بێت، نەك بە ڕق و كینە سیخناخ بكرێت.

ئێستا سەردەمی مانشێتی نووسەر و هزرمەند و سیاسییە جیهانییەكانی وەك (كۆتایی، مردنی، هەڵوەشانەوەی....) سنوورەكانی سایكس پیكۆ و هیواكانی دامەزرانی دەوڵەتی كوردستانە، بۆیە دەبێت پتر زانستییانە یەكتری بدوێنین و پتر دڵفراوانانە لە یەكتری تێبگەین و پتر بە هەماهەنگی بە یەكەوە كاربكەین، تا ئەو پرۆسەیەی كە پێی دەڵێین دەوڵەتی كوردستان و پتر لەسەد ساڵە خەركیین، بەئەنجامی بگەیەنین.

***

دەوڵەت لە ڕوانگەی هزرمەندانی گرێبەستی كۆمەڵایەتییەوە، وەك هۆبز و لۆك، مەخلوقێكی دەستكردی مرۆڤ خۆیەتی، بە واتای دەوڵەت سروشتكرد نییە و لەسەر زەویش دادەمەزرێندرێت. ئەم هزرمەندانە شكۆییان بۆ مرۆڤ وەك تاك و كۆمەڵ گەڕاندنەوە بەوەی ڕوونیان كردەوە كە تاكەكان بەشێكی سەرەكین لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدا، بەوەی سەلماندیان دەوڵەت دامەزراندن پرۆسەیەكی هۆشمەندانەیە و مرۆڤەكان پلانی بۆ دادەنێن و مەبەستیان لەپشت دامەزراندنیەوە هەیە. سەلماندیان دەوڵەت بەبێ ویست و پلان و جێبەجێكردن دانامەزرێت. تێڕوانینی گرێبەستییانە بۆ دەمەزرانی دەوڵەت هەروا لەخۆوە و لەهێكڕاوە سەری هەڵنەدا، بەڵكو لەلایەك بەرهەمی لێوردبوونەوە و تێڕامان و لێكۆڵینەوەی هەزاران ساڵی خودی مرۆڤە لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت، لەلایەكی تریش سەرجەم هزرمەندانی تیۆرەكە جەخت دەكەنەوە لەسەر ئەوەی كە دامەزراندنی دەوڵەت مەسەلەیەكی ئامانجدارە، واتا دەوڵەت بۆ هێنانەدی كۆمەڵێك ئامانج دادەمەزرێندرێت، هەر ئەمەش دەتوانێت تەفسیری ئەو گۆڕانكارییە بەردەوامەمان بۆ بكات كە بە سەر جۆرەكانی دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەكان و سنوورەكاندا دێن.

لەلای هزرمەندی ئینگلیزی تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) ئامانجی سەرەكیی دەوڵەت بەرقەراركردنی ئاسایش و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتییە. هۆبز پێیوایە بەهای یەكەم لە ژیانی مرۆڤدا ئاسایشی سەروماڵیەتی. مرۆڤەكان لەپێش قۆناغی دەوڵەتدا تاك تاك دەژین و هەمووشیان مەترسین بۆ سەر سەروماڵی یەكدی و هەموویان دوژمنی یەكدین و هەموویان یەكتری لەبەین دەبەن و ڕێسای جەنگەڵ زاڵە بەسەر ژیانیاندا، ئاسایش بەرقەرار نییە و ئاشتەوایی بوونی نییە و لەوەشەوە كەسیش ئازاد نییە. بۆیە تاكەكان لە ڕێگەی ئەنجامدانی گرێبەستێك لە نێوانیاندا، كە خودی فەرمانڕەوا بەشێك نییە لێی، دەستبەرداری هەموو مافەكانیان دەبن بۆ فەرمانڕەوا لە بەرامبەر یەك ئامانجدا، ئەویش بەرقەراركردنی ئاسایشە، بەمەشە ژیانی مرۆڤەكان لە پەرتەوازەیی و تاك تاكییەوە دەگوازنەوە بۆ كۆمەڵگە، كۆمەڵگەیەكی سیاسی كە پێی دەوترێت: (دەوڵەت). هێشتا بەلای هۆبزەوە ئەو ڕەهاییەی دەسەڵات بەماناتر و پێویستترە بۆ ژیانی تاكەكان وەك لە بەناو ئازادییەكەی پێش دامەزراندنی دەوڵەت.

لێرەدا هۆبز جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت بریتییە لە پرۆسەی كۆكردنەوەی سەرجەم ماف و ئازادییەكانی تاكەكان لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندێكدا (جا ئەو ناوەندە چ تاكێك بێت، یان گروپێك وەك پەرلەمان) و دووبارە پێناسەكردنەوە و دارشتنەوەیان لەبەر ڕۆشنایی ئامانجێكی سەرەكیدا، ئەویش بەرقەراركردنی ئاسایش و ئاشتەوایی و پاراستنی سەروماڵی تاكەكانە.

كەواتە بەلای هۆبزەوە ئازادی دوای دامەزراندنی دەوڵەت ماناكەی دیاری دەكرێت و ساغ دەكرێتەوە و فەراهەم دەكرێت. بەڵام بەلای هزرمەندی ئینگلیزی جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤) مرۆڤەكان لە قۆناغی پێش دەوڵەت دامەزراندندا لە ژێر سایەی یاسای سروشتیدا دەژین، هەموویان یەكسانن، ئاشتەوایی بەرقەرارە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاساوە، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێكی گشتییەوە كە یاسا جێبەجێ بكات، بەهۆی نەبوونی هێزی پابەندكردنی تاكەكان بەیاساوە، هەرچەند قۆناغی سروشتی بە یەكسانی و دادپەروەری و ئاشتەواییش ناسرابێت، بەڵام قۆناغێكی شلۆقە و بەردەوامییەكەی مسۆگەر نییە، بەڵكو زۆر ڕاگوزەرە و ئەگەر چارەسەر نەكرێت، ئەوا هێندە نابات لەبار دەچێت و دەبێتە فەوزا و هەموو دادپەروەری و یەكسانی و ئاسایشەكەی لە بەین دەچێت. بۆیە تاكەكان لە ڕێگەی گرێبەستێكەوە لەگەڵ فەرمانڕەوادا دەستبەرداری هەندێك لە مافەكانیان دەبەن، بایی ئەوەندەی كە فەرمانڕەوا بتوانێت مسۆگەری یەكسانی و ئازادییە سروشتییەكەی تاكەكان بكات. بەوەش دەوڵەتێك دادەمەزرێنن كە تیایدا فەرمانڕەوا بەرپرسیار دەبێت لە بەردەم تاكەكاندا،

**دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان پرۆسەیەكە سەد ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ كردووە و ئێستا لە قۆناغی كۆتایی خۆیدایە. گەلێك خوێن و هزر و توانای كۆمەڵگەكەی بۆ دابین كراوە، پرۆژەیەكی مێژووییە و هەموو گەلی كوردستان بەشدارییان تێدا كردووە و ئەركی سەرشانی هەموانیشە، لە پێش هەموانەوە ڕۆشنبیر و نووسەر و هزرمەندەكانی، كە پشتگیری بكەن، بە وردی و دیقەتەوە جێبەجێ بكەن، لەناو ڕق و كینە و كێشە سیاسییە لابەلاكاندا سست و كاڵی نەكەنەوە**

**سیستەمی دیموكراسی دوای دامەزراندنی دەوڵەت ڕێگایە بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی دەوڵەت. ئەمە لە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەكانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی سیستەمە دیموكراسییەكانیاندا بە ڕوونی دەردەكەوێت. بەواتای خودی پرۆسەی بە دیموكراسی كردنی حوكمڕانی بەدەر نییە لە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵكو پێشمەرجەكەی دامەزراندنی دەوڵەتە**

تاکەکانیش دەتوانن هەمیشە فەرمانڕەوا بگۆڕن. بە واتای دەوڵەتێك بە سیستەمێکی دیموکراسی دادەمەزرێنن. کار و ئامانجی ئەو دەوڵەتەش پاراستنی ئازادی و دادپەروەری و سەروماڵی هاوڵاتییەکانیەتی. کەواتە بەپێی هەردوو هزری هۆبز و لۆك مرۆڤ ناتوانێت بەبێ دەوڵەت، نە ئاسایشی سەروماڵی پارێزراو بێت و نە ئازاد بێت و نە یەکسان بێت. هەرچی دیموکراسیشە ئەوا شتێك نییە لەدەرەوەی دەوڵەت و مەسەلەی دەوڵەت، بەڵکو سیستەمێکی بەڕێوەبردنی خودی دەوڵەتە. بۆیە بەوپێیە بێت هەموو چەمکەکانی وەك یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری و ئاسایش و ئاشتەوایی و دیموکراسی، بەبێ دەوڵەت ناکرێت دیاریکراو و بەرقەرار و بەردەوام بن.

***

کاتێك دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا هەڵوەشێندرا، گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو کێشەی سیاسیی گەورە و دێریندا دەژیان کە پێویست بوو لە هەلومەرجی دوای دەوڵەتی عوسمانیدا بێنە چارەسەرکردن، ئەوانیش، یەکەم: کێشەی پێوەندی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت کە خۆی دەبینییەوە لەوەی پێوەندییەکە بەلای دەوڵەتدا قورس بوو، بە واتای هاوڵاتی لە بەردەم دەوڵەت و فەرمانڕەوادا هیچ مافێکی نەبوو. کێشەی دووەم: خۆی لە کێشەی پێوەندی نێوان گروپەکان دەبینییەوە، وەك نەتەوەکانی سەردەست و نەتەوە ژێردەست و داگیرکراوەکان وەك تورك لە بەرامبەر عەرەب و کورددا، هەروەها کێشەی نێوان گروپە ئایینی و مەزهەبییەکان لەبەرامبەر یەکتریدا، تیایدا موسڵمان لە بەرامبەر مەسیحی و ئێزیدی، سوننە لە بەرامبەر شیعەدا، ...تاد. ئەمەش بێگومان لە هەر وڵات و شوێنێکدا لە بەرژەوەندی گروپێك خۆی دەبینییەوە، هەندێك جاریش هەمیشە گروپێك و لە هەموو شوێنێکدا بێ ماف و ژێرچەپۆك بوو.

دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە دوای جەنگی یەکەم هاتنەدامەزراندن، وایان لێ چاوەڕوان دەکرا کە بەپێی گرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتی، کە پتر لە دەستوورەکانیاندا خۆی دەبینییەوە، ئەم دوو کێشە سیاسییە دێرینە زەحمەتەی گەلانی ناوچەکە چارەسەر بکەن، بەڵام دەرەنجام سەرجەمیان نەیانتوانی ئەم دوو کێشەیە چارەسەر بکەن و بگرە قووڵتر و زەحمەتر و قەیراناویتریشیان کردنەوە، ناوچەکەشیان دووچاری شکەستی ئاسایش و ئاشتەوایی و دیموکراسیش کرد. شەڕەکانی نێوان گروپەکانی ناوخۆی دەوڵەتەکان (شۆڕشەکانی کورد بە نموونە)، سەرهەڵدانی دەوڵەتە ملهوڕە زەبەلاحەکان لە بەرامبەر هاووڵاتیدا کە هەمیشە زیندانەکانیان لە ئازادیخوازان و داکۆکیکەرانی دیموکراسی پڕ بوو، شەڕە خوێناوییە نێودەوڵەتییەکانی وەك شەڕی عێراق- ئێران، عێراق- کوێت، ئیسرائیل-عەرەب و...تاد نموونەی زەقی بەرجەستەکەری ئەو شکستەن.

ئەو شکستەی دەوڵەتە نوێیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبوارەکانی دوو ئەرکە سەرەکیەکەی دەوڵەتدا، وەك هۆبز و لۆك ئاماژەیان پێدا، ئاماژەیە بۆ یەك ڕاستی ئەویش ئەوەیە کە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەوڵەتانەیان پێ دامەزرابوو، پێویستیان بە هەڵوەشاندنەوە و دووبارە دارشتنەوەیە. بە واتای ئەم دەوڵەتانە پێویستە دووبارە و لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا دابڕێژرێنەوە، بە شێوەیەك کە بتوانن ئەرکی بەرقەرارکردنی ئاسایش و گەرەنتی کردنی یەکسانی و ئازادی لە ڕێگەی سیستەمێکی حوکمڕانیی دیموکراسییەوە بەجێ بگەیەنن. چونکە قەوارەی دەوڵەت و پێکهاتە مرۆیی و سیستەمە سیاسییەکەی و چوارچێوەی خاکەکەی دەکەوێتە سەر گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکەی.

بە واتای گرێبەستی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، دەبێت دەوڵەت چ شێوازێك و چ سیستەمێکی سیاسی و حوکمڕانی و چ خاکێکی هەبێت. شکستی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرقەرارکردنی ئاسایش و مسۆگەرکردنی یەکسانی و ئاشتەوایی و دادپەروەری و ئازادیدا، مانای شکستی خودی دەوڵەتەکە دەدات. هەر ئەم ڕاستییەی سەرەوەشە کە دەتوانێت شیکردنەوە و تەفسیرێکی ڕاست و دروستمان بداتێ لەبارەی بەردەوام گۆڕانی سیستەمە سیاسییەکان و شێوازەکانی حوکمڕانی و سنووری دەوڵەتەکان.

کەواتە ئێستا ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی شکستی دەوڵەتانی نەخشەی سایکس پیکۆ لە جێبەجێکردنی گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکانیاندا دەژین. چی دیکە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن بەردەوام بن.

***

گەلی هەرێمی کوردستان، لانیکەم لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا، هەمیشە بە دوای ئاسایش و ئاشتەوایی و مافە سروشتییەکانیدا وێڵ بووە. لەو کاتەوەی چانسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی لە دوای جەنگی یەکەم لەکیس چوو، هەمیشە لە کۆششدابووە بۆ ئەوەی لانیکەم، لە چوارچێوەی گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بە زۆر سەپێندراوەکانی دەوڵەتی عێراق

**گەلی کوردستان مافی تەواوی خۆیەتی کە لەسەرجەم گرێبەستیەکانی پەیوەست بە دەوڵەتی عێراقی دەربچێت و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی ئەنجام بدات، گرێبەستێک بتوانێت لەچوارچێوەی هزری هۆبز-دا ئاسایشی بۆ مسۆگەر بکات و لە چوارچێوەی هزری لۆک-دا و لەڕێگەی سیستەمێکی دیموکراسەوە یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی بۆ تاکەکانی مسۆگەر بکات**

**ئێستا ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی شکستی دەوڵەتانی نەخشەی سایکس پیکۆ لە جێبەجێکردنی گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکانیاندا دەژین. چی دیکە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن بەردەوام بن**

**شکستی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرقەرارکردنی ئاسایش و مسۆگەرکردنی یەکسانی و ئاشتەوایی و دادپەروەری و ئازادیدا، مانای شکستی خودی دەوڵەتەکە دەدات**

لە سەردەمی پاشایەتیەوە تا دوا دەستووری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، لەلایەك بیێتە لایەنێكی یەكسانی گرێبەستەكە و لەلایەكی تریش بە ئاشتی و مافە سروشتیەكانی خۆی بگات. بەڵام دەرەنجام چی بوو؟ شكستی دەوڵەتی عێراق لە جێبەجێكردنی گرێبەستە كۆمەڵایەتییەكانی، شكستێكی قووڵ تا ئەوەی كۆمەڵگەی عێراق دووچاری شەڕە نێودەوڵەتییەكان، شەڕە ناوخۆییەكان (نەتەوەیی و تائیفی)، ناسەقامگیری ئاسایش، شكستی دیموكراسی، تا ئەوەی سەرجەم مافە سروشتییەكانی تاك و گروپەكان كە خۆیان دەبیننەوە لە یەكسانی و دادپەروەری و ئازادیدا لەبەین چوون.

لێرەوە دەبێت بزانین پیرۆزیی پابەندبوون بە گرێبەستی كۆمەڵایەتی دامەزرێنەری دەوڵەتێكی وەك عێراق تا ئەبەد نییە، بەڵكو بەندە بەتوانای دەوڵەتەوە بەجێبەجێ كردنی بەندەكانی گرێبەستەكە كە خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی ئاسایش و دیموكراسی بۆ گەلانی عێراق.

لێرەوە گەلی كوردستان مافی تەواوی خۆیەتی كە لەسەرجەم گرێبەستیەكانی پەیوەست بە دەوڵەتی عێراقی دەربچێت و گرێبەستێكی كۆمەڵایەتی تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی ئەنجام بدات، گرێبەستێك بتوانێت لەچوارچێوەی هزری هۆبز-دا ئاسایشی بۆ مسۆگەر بكات و لە چوارچێوەی هزری لۆك-دا و لەڕێگەی سیستەمێكی دیموكراسەوە یەكسانی و دادپەروەری و ئازادی بۆ تاكەكانی مسۆگەر بكات.

لێرەوە پرسیار ئەوەیە ئایا دەكرێت، وەك هەندێك بانگەشەی بۆ دەكەن، دامەزراندنی سیستەمێكی دیموكراسی بكەینە پێش مەرجی دەرچوونمان لە گرێبەستی كۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان؟

دوای ئەوەی تا ڕادەیەك، لە چوارچێوەی تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی، لە دەوڵەت تێگەیشتین، لێرەوە دەبێت بچمەوە سەر ناسینی دیموكراسی و دەبێت بڵێم: بە هەر شێوازێك پێناسەی دیموكراسی بكەین، ماناكەی لەوە دەرناچێت كە بریتییە لە (مەزهەبێكی سیاسییە و هەوڵ دەدات بۆ مسۆگەركردنی پیادەكردنی دەسەڵات و سەروەری دەوڵەت لەلایەن گەلەوە)، بەواتای ناكرێت بیر لە دیموكراسی بكرێتەوە، وەك لە چوارچێوەی هزری (لۆك)یشدا ئاماژەمان پێدا، بەبێ دەوڵەت و پێش دامەزراندنی دەوڵەت. بەپێچەوانەوە خۆی سیستەمی دیموكراسی دوای دامەزراندنی دەوڵەت ڕێگایە بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی دەوڵەت. ئەمە لە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەكانی ئەورووپا و سەرهەڵدانی سیستەمە دیموكراسییەكانیاندا بە ڕوونی دەردەكەوێت. بەواتای خودی پرۆسەی بە دیموكراسی كردنی حوكمڕانی بەدەر نییە لە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵكو پێشمەرجەكەی دامەزراندنی دەوڵەتە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێستا گەلی كوردستان لە بەردەم دووڕیانێكدایە، دووڕیانێك خۆی دەبینێتەوە لە هەڵبژاردنی ڕێگای مانەوە لە چوارچێوەی گرێبەستە كۆمەڵایەتییەكانی دەوڵەتی عێراقی شكستخواردوو لە وەدیهێنانی ئاسایش و دیموكراسیدا، لەوەشەوە سووڕانەوەی بەردەوام لە گێژاوی كێشە ناوخۆییەكانی گەلانێك و سەردەمانێك كە هەندێك جار تایملاینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا و هیچ پێوەندیەكی بە گەلی كوردستانەوە نیە، لەوەشەوە هەمیشە تێوەگلاندنی و هەوڵی لەناوبردنیشی وەك لە ئەنفال و كیمیابارانەكاندا بینیمان، لە كۆمەڵكوژییەكانی داعش بینیمان، یان لەباشترین باریدا سفر كردنەوەی دەستكەوتەكانی كە بەرەنجی خۆی وەدەستی دەهێنێت، وەك لەكشانەوەی ئیدارە لە سەردەمی سەددام بینیمان و بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی كوردستان وەك لەسەردەمی ئێستادا دەیبینین. یان هەڵبژاردنی ڕێگای جیاكردنەوەی گەلی كوردستان و بەستنی گرێبەستی كۆمەڵایەتی تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان تا هەردوو ئەركە گرنگەكەی دەوڵەت جێبەجێ بكات لە هێنانەدی ئاسایش و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی و مسۆگەر كردنی یەكسانی و ئازادی لەڕێگەی سیستەمێكی دیموكراسییەوە. لە ڕێگری لەوەی داعش و وێنە كۆپیە جیاجیاكانی ببنە مەترسی بۆ سەر ژیان و كەرامەتی هاووڵاتییەكانی، ڕێگریكردن لە دەستێوەردانی ناوخۆ و دەرەكی لە سۆنگەی كێشە چارەسەر نەبووەكانی گەلان و ناوچەكانی تری عێراق كە بەرژەوەندییەكانیان دوور و نزیك پێوەندی بە گەلی كوردستانەوە نییە.

دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان پرۆسەیەكە سەد ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ كردووە و ئێستا لە قۆناغی كۆتایی خۆیدایە. گەلێك خوێن و هزر و توانای كۆمەڵگەكەی بۆ دابین كراوە، پرۆژەیەكی مێژوویە و هەموو گەلی كوردستان بەشدارییان تێدا كردووە و ئەركی سەرشانی هەموانیشە، لەپێش هەموانەوە ڕۆشنبیر و نووسەر و هزرمەندەكانی، كە پشتگیری بكەن، بە وردی و دیقەتەوە جێبەجێ بكەن، لەناو ڕق و كینە و كێشە سیاسییە لابەلاكاندا سست و كاڵی نەكەنەوە.

* مامۆستای زانكۆ

**ئێستا سەردەمی گفتوگۆی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانەیە، ئێستا ساتەوەختی بڕیاردان و بەیەكەوە كاركردنە، ئێستا سەردەمی هەڵڕشتنی سەرجەم خەرمانەی ئەزموون و بیرو هزری كۆكراوەی سەدەیەكمانە، بۆیە دەبێت گفتوگۆكانیشمان لەو ئاست و بەرپرسیارەتیەدا بێت، نەک بە ڕق و كینە سیخناخ بكرێت**

**كورد پتر لە سەدەیەكە بە دوای ئاسایش و مافە سروشتییەكانی خۆیەوە وێڵە، لەوانەیە لە هەموو میللەتانی دیكەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەسەبرتر بووبێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی. كورد بۆ ئەوەی بە ئاسایشی كۆمەڵگەكەی و بە مافە سەرەتاییەكانی بگات، گەلێک ڕێگا و بیر و ئایدیۆلۆژیای تاقیكردۆتەوە، گەلێک سەرومالّی بەخشیوە، گەلێک برایەتی و ڕێككەوتنی بەستووە**



ئەبوبەکر عەلی نووسەر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتێک دروست بکەین مۆدێلی سایکس پیکۆ تێپەڕێنێت

**پرسی سەربەخۆیی کوردستان بۆتە رۆژەڤی هەموو دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسییەکان لە کوردستاندا. ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی خواستی هەر تاکێکی کوردستانە، بەڵام دیسان بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستانەوە ئێستا جۆرێك لە ڕاڕایی لە ناو حزبە سیاسییەکاندا هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی سەربەخۆیی و ریشەی بیری نەتەوەیی کورد وەك چوارچێوەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی نووسەر و سیاسەتمەدار ئەنجامداو بەمجۆرە را و بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەگەڵ ئەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان یەکێك بووە لە گەورەترین ئاوات و ئامانجەکانی هەر تاکێکی کوردستان، بەڵام ئێستا باردوخەکە بە جۆرێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەك ئەوەی سەربەخۆیی بەسەر کورددا فەرزکراییت و بێجگە لە سەربەخۆیی کورد بژاردەی دیکەی لەبەر دەستدا نەبێت. ئایا ئەگەر سەربەخۆیی لەسەرمان فەرز کرابێت، دوودڵی و ڕاڕایی لە سەر پرسی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان چ مانایەکی هەیە؟**

- بە بڕوای من دوودڵی و ڕاڕایی لەسەر پرسی سەربەخۆیی نەك هەر پێویست نییە، بەڵکو ڕێگریش دەبێت لە بەردەم گەیشتن بەو ئاواتە مەزنەی خەڵکی کوردستان. پرۆژەی گەورە ئیرادەی گەورەی دەوێت، ئیرادەی گەورەش خۆیەکلاکردنەوەی سیاسی و فیکری و رۆحی و جەماوەری و ئەخلاقی دەوێت، بەڵام دەبێت ڕاڕایی لە تەحەفوز جودا بکەینەوە، لەبەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان خەڵك هەیە دەشێ نیگەران بن، واتە لە چۆنیەتی خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە و هەنگاوەکان و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان و جۆری بەڕێوەبردنی ململانێکان و ناسنامەی قۆناغی دوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت نیگەرانییان هەبێت، بەڵام لە سەر ئەسڵی فیکرەکە و لەسەر ئەوەی ئەم دەرفەتە بقۆزرێتەوە بە قازانجی خەڵکی کوردستان و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و مێژینەکەی، کە خۆی لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و لەدایکبوونی یەکەمین کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان دەبینێتەوە، نابێت ڕاڕایی هەبێت.

*** ئەگەر وانەیەك پەندی لێوەربگرین، رەفتاری بەغدایە بەرامبەر کوردستان، لەو کاتەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، عێراق ئامادە نەبوو بەرگری لە کوردستان بکات، لەمەش زیاتر ئامادە نەبوو هاوکاری لۆجیستی سەربازی بکات و تەنانەت ئەو چەك و هاوکارییانەشی لە ڕێگەی بەغداوە بۆ پێشمەرگە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەهات، بەغدا وەك خۆی نەیدەنارد بۆ کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە مەترسیی گەورەمان تێپەڕاند، پێشمەرگە دەتوانێت کوردستان بپارێزێت، ئایا کە خۆمان خاوەنی سوپای خۆمان بین، بۆچی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕانەگەیەنین؟**

- من لایەنگری ئەو تەوژمەم کە نابێت بە هیچ جۆرێك ئەم دەرفەتە بابەتییە لە دەست بدرێت بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بەڵام تەنیا بوونی سوپا بەس نییە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئێمە لەسەر ئاستی ناوخۆ پێویستیمان بە زەمینەسازی هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەمان بە سروشتی لەدایك ببێت و دەوڵەتەکەمان فۆتۆکۆپی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ نەبێت، بە مانایەکی دیکە ئێمە تەنیا نامانەوێت دەوڵەت دروست بکەین، بەڵکو دەمانەوێت دەوڵەت دروست بکەین و لە هەمان کاتدا مۆدێلی دەوڵەتی

**پرۆژەی گەورە ئیرادەی گەورەی دەوێت، ئیرادەی گەورەش خۆیەکلاکردنەوەی سیاسی و فیکری و رۆحی و جەماوەری و ئەخلاقی دەوێت**

سایکس پیکۆ تێپەڕێنین، بۆ ئەوەش دەبێت تەوافوقێکی نیشتمانیشمان بیناکردبێت، بۆ ئەوەی لەدایکبوونی دەوڵەتەکە بە سروشتی راستەوخۆ زەمینەسازیش بێت بۆ سیستمێکی دیموکراتی و دادپەروەر، سیستمێك کە هەموومان خەباتمان بۆ کردبێت و هەمووشمان لەخۆ بگرێت و لە کەسایەتیشدا ماف و ئەرکی وەك یەك و یەکسانمان هەبێت. کەواتە سازانی نیشتمانی و رێککەوتن لەسەر ناسنامە و مۆدێلی حوکمڕانی و دەوڵەتەکە، هێندەی دەوڵەتەکە گرنگە، بەڵام هەر دەبێت ئەولەوییات بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکە بێت.

*** بەڵام عێراق بە هیچ شێوەیەك رازی نییە بەوەی کورد حوکمڕانی لەگەڵدا بکات، ئایا کورد بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ رێگەیەکی دیکەی لە بەردەمدا ماوە؟**

- ئێمە دەبێت لەم بارەیەوە رۆشن بین. من هەرگیز بەوە رازی نیم بوترێت عێراق رازی نییە بە هاوبەشیکردنی کورد لە حوکمڕانیدا، بۆیە ئێمە لەگەڵ عێراق نامێنینەوە، یان عێراق هاوکاری کوردستان و پێشمەرگە ناکات و کێشەکانمان لەگەڵ چارەسەر ناکات و شەراکەتی ئێمە لە بەغدا قبوڵ ناکات، بۆیە ئێمە ناچارین پەنا ببەینە بەر پرسی سەربەخۆیی، بیرکردنەوەی ئێمە دەبێت لەسەر بناغەی شایستەبوونی گەلی کوردستان بۆ مافە نەتەوەییەکانی و دروستبوونی دەوڵەت دامەزرا بێت. ئێمە چوارەم نەتەوەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستین و گەورەترین زوڵم و ستەمی مێژووییمان لە سەدەی رابردوودا لێکراوە، کە نەهێڵدراوە ببین بە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆمان، لەبەر ئەوە مافێکی سروشتی و ئەخلاقی و دینی و نێونەتەوەیی و مرۆڤایەتیمانە، خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆمان بین، کە هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا لانیکەم بەشێك لە کەرامەت و مافی زەوتکراومان بۆ بگەڕێتەوە. بۆیە ئێمە هەر بە حوکمی کوردبوونمان و بە حوکمی کوردستانی بوونمان شایستەی ئەوەین خاوەنی دەوڵەت بین، ئەگەر عێراق لە دیموکراتیدا هاوشانی بەریتانیا و فەرەنساو کەنەداو ئیسپانیاش بێت، دەبێت داوای مافی چارەنووس و دەوڵەت بکەین. کیوبیکەکان لە کەنەدا لە وڵاتێکی دیموکراسی و زۆر گەشەکردووی دیموکراسیدا دەژین، ئیسکۆتلەندییەکان لە بەریتانیا لە وڵاتێکی زۆر گەشەکردوودان و باسکەکان لە ئیسپانیا لە وڵاتێکی ئەوروپایی و دیموکراسیدا دەژین، کەچی هەر هەموویان داوای سەربەخۆیی و دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیان دەکەن، چ جای لە عێراقێکی وێرانە و خراپ و نغرۆ لە خوێن و کوشتن و تایفەگەریی و توندوتیژی و بەناو جیهادگەرایی فاشیستی و توندڕەویی مەزهەبی و ناسیۆنالیستیدا، گوتارەکەمان لەمەڕ سەربەخۆیی پێویستە بگاتە قووڵایی و ریشەی ئەوەی کە هیچ پێوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە نەبێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت ئێمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رای گشتی بڵێین لەگەڵ ئەوەی شایستەی دەوڵەتی سەربەخۆین، کەچی لە ٢٠٠٥دا چووینە چوارچێوەی شەراکەتێکی سیاسی لەگەڵ عێراق بۆ ئەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی جێبەجێ بکات، کەچی لەو چوارچێوەیەشدا لەگەڵ ئەو شایستەبوونەی ئێمەشدا، عێراقییەکان و نوخبەی سیاسی وا مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا دەکەن. بە بڕوای من عێراق کۆتایی پێهاتووە و تەنیا لەسەر نەخشە و لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتیدا ماوە، ئێمە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بیر بکەینەوە و شەرعییەت بەم هەنگاوەی خۆمان و مافی چارەی خۆنووسین لە کوردستانی باشووردا بدەین.

*** ئەوەی جێگای سەرسامییە، ئێستا جیهان وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات. تەنیا لە ساڵی رابردوودا نزیکەی ٢٥٠ شاندی باڵای دەوڵەتان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، لە بەرامبەریشدا لەسەر ئاستی شکۆی دەوڵەت پێشوازی لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت. ئایا ئەو جەدەلەی لە کوردستان لە سەر سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەت دەکرێت، چۆنی دەخوێنیتەوە؟ راشکاوانەتر جیهان بە دەوڵەتمان دەزانێ، بەڵام بۆچی خۆمان دەوڵەت بە خۆمان رەوا نابینین و خۆمان بە شایستەی دەوڵەت نازانین؟**

- جیهان بە دەوڵەتمان نازانێت، بەڵام مامەڵەی دیفاکتۆی گەورەتر لە فیدراڵییەتمان لەگەڵ دەکات، واتە مامەڵەی نیمچە دەوڵەتمان لەگەڵ دەکات. ئەگەرچی هەندێك وڵات ئامادەن بە دەوڵەتی کوردستان رازی بن، بەڵام کورد نابێت چاوەڕێی ئەوان بکات، دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قسە بکات و پەیامەکەی روون بکاتەوە و لەم رووەوە لەگەڵ کۆمەڵێك دەوڵەتدا لە یەك تێگەیشتنی هەبێت، بەڵام دەبێت خۆی هەنگاوەکە بنێت و لێپرسراوێتی یاسایی و ئەخلاقی و سیاسی دابەشکردنی عێراق لە ئەستۆ بگرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێ بکات. ئەوەی ئێمەی واڵیکردووە کە بە یەك دەنگ و رەنگ و لە چوارچێوەی یەك پرۆژەی نیشتمانی هاوەدەنگدا کار بۆ ئەم پرسە نەکەین، یان وا دەردەکەوێت کاری بۆ ناکەین، کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانە

**ئەو دیفاکتۆیەی ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروستی کردووە، نابێت بە هیچ جۆرێك بخرێتە سەر مێزی دانوستاندن بۆ سازشکردن، دەبێت وەکو کارتی هێز بە دەستی خەڵکی کوردستانەوە بێت، سنوورەکانمان دیاری کردووە، تەنیا ئەوە ماوە رووپۆشی یاسایی پێ بدەین**

**لە قۆناخی داهاتوودا شاهێدی لەدایکبوونی مۆدێلێکی نوێی خزمەتە رۆحی و بانگخوازی و پەروەردەییەکان و شێوازێکی نوێی کاری سیاسی و ئیسلامی دەبین، کە بە بێ پاشکۆ و ناوی ئیسلامی، ژێرخانێکی ئیسلامی هەبێت**

**ئێمە ناسیۆنالیزمی کوردستانی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بە جۆرێك بینا دەکەین کە گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشووری و ئێزیدی و مەسیحی و موسڵمان پێکەوە هەستێکی نیشتمانی و کوردستانییان بۆ دروست بکەین کە خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش بین**

و بێ متمانەیی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە. ئێمە ئەگەر ئامانجی وا گەورەمان هەبێت، دەبێت ئەم کێشە ناوخۆییە بچووکانە تێپەڕێنین و دەوڵەتبوون بکەینە کەرنەڤاڵێك بۆ دووبارە خۆنیشانەدانەوەی ئیرادەیەکی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان بۆ نێوخۆ و دەرەوە، تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بێت ڕێزی لێبگرێت. دەبێت گەل وێنایەك لە خۆی پیشان بدات، کە پرسی چارەی خۆنووسین قابیلی گەڕانەوە بۆ دواوە نییە و مافێکی ڕەوای ئێمەیە. ئەگەر وامان کرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستاشدا بە ئاشکرا پشتیوانیمان لێنەکەن، لە دواییدا پشتیوانیمان لێ دەکەن و دەبێت ڕێز لە ئیرادەمان بگرن و دەشیگرن.

*** ئێوە وەك سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکی ئیسلامی، بڕواتان بەوە هەیە بیری نەتەوەیی کورد ڕەنگدانەوەی واقیعی حاڵی کوردستان بێت، دەشتانەوێت بیری نەتەوەیی کورد و ئایینی ئیسلام ئاوێتەی یەك بکەن. ئایا ئەم بیرکردنەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و تاچەند زەمینە لەبارە بۆ ئاوێتەبوونی بیری نەتەوەیی کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام؟**

- پێویستە یەك تایبەتمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردمان لەبیر بێت، کە جیای دەکاتەوە لە هەموو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی دەوروبەری خۆی، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ناسیۆنالیزمە لە باوەشی ئیسلامی میللی کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و سوودی لە تۆڕەکانی ئەوەوە وەرگرتووە، ئەگەر سەیری مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی تورکی و فارسی و عەرەبی بکەین، دەبینین دوو جۆر کەس ڕۆڵی سەرەکییان لە خەملاندن و گەشەدان بە بیری نەتەوەییاندا هەبووە.. یەکەمیان کەمینە ئایینییە ناموسڵمانەکانی کۆمەڵگە، دووەمیان ڕۆشنبیرە غەربگەراکان، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کوردستانی ئێمەدا یەکەمجار بیری نەتەوایەتی لە ناو تۆڕە ئیسلامییە میللییەکانی کۆمەڵگەدا سەریان هەڵداوە، من شێخ عوبەیدوڵای نەهری بە باوکی ڕۆحی و نەتەوەیی کورد و شۆڕشەکەشی بە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی کورد لە قەڵەم دەدەم، دوایی ئەم شۆڕشە بە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-دا تێپەڕیوە بۆ شێخ مەحموود و دواتر بۆ شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد، تا ساڵانی سی و چلەکانیش لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری مۆدێرن، بەڵام ڕێبەرایەتییەکە بە دەست ڕەمزە ئیسلامییە میللییەکانی کۆمەڵگەوە بووە، لەمەش زیاتر هەتا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ئیسلام مەشرەب بووبێت، سەقفی داخوازییەکانی بەرزتر بووە و سەربەخۆیی بووە. بەپێچەوانەشەوە چەند لەو ڕۆح و هەناسە ئیسلامییە میللییە کوردییە دوورکەوتبێتەوە و کەوتبێتە ژێر کاریگەری چەپ و مارکسیستەکان، سەقفی داخوازییەکانی بۆ ئاستی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی دابەزیوە، لە ئێستاشدا کە جارێکی دیکە لە باشووری کوردستاندا سەقفی داخوازی نەتەوەیی کورد بەرزدەبێتەوە بۆ سەربەخۆیی، ئەمە دووبارە پێکەوەلکاندنەوەی ئەو مەودایەیە کە لە چلەکانەوە بۆ دوو هەزارەکان دروست ببوو، واتە جارێکی دیکە پێکەوە لکاندنێکی سروشتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردییە بە ڕەگ و ریشە ئیسلامییە میللییەکەوە. خۆشبەختانە لە مێژووی کوردستانی خۆماندا هیچ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی نابینین، دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان یان دژایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کردبێت، ئێستاش لە کوردستاندا هەموو هێزە ئیسلامییەکان لەگەڵ هێڵی سەربەخۆخوازی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستاندان، سەبارەت بەم پرسەش من هەر لە ساڵی ١٩٩٥ کاری زۆرم لەسەر کردووە، زنجیرە کتێبێکم بە ناوی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، خستۆتە کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبی یەکەمیان بە ناونیشانی (ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ) کە ٣٢٠ لاپەڕەیە، لە دواهەمین کتێبیشمدا کە چوارەمین کتێبمە دوو فەسڵم بۆ مەسەلەی ئیسلامییەکان و سەربەخۆیی تەرخان کردووە بە ناوی (ئاسۆکانی مافی چارەنووس و دەوڵەتی باشووری کوردستان)، ئەوجا سەبارەت بە پرسیارەکەتان کە دەڵێن تیکەڵاوی دەکەن، نەخێر، ئێمە تێکەڵاوی ناکەین، بەڵکو ئێمە لەسەر ئاستی بەهاکان مامەڵە لەگەڵ ئیسلام دەکەین. ئیسلام کۆمەڵێك بەهای هەیە، لەوانە بەهای دادپەروەری و میهرەبانی و دژایەتی زوڵم و پشتیوانیی هەق و لێبووردەیی و بەهای شورا و دژایەتی بەزۆر سەپاندن، هەموو ئەم بەهایانە پشتیوانی خواستەکانی ئێمە دەکەن. بۆ نموونە ئەوە لووتکەی نادادپەروەرییە کە هەموو نەتەوەکانی دەوروبەرمان قەوارەی سەربەخۆیان هەبێت و ئێمە نەمانبێت. لووتکەی دژایەتیکردنی ئیسلامە ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریيەی بە ناوی کوردبوون لە ئێمە دەکرێت، لە کاتێکدا کوردبوونمان بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خوای گەورە، بۆیە دژایەتی کورد و خواستی سەربەخۆیی، پێش ئەوەی شەڕ بێت لەگەڵ کورد و نەتەوەکەماندا، شەڕە لەگەڵ خودا و ئاسمان و ئیسلام و بەهاکانی ئەخلاق، لێرەوە ئەگەر لە ئایینی ئیسلامدا (لا اكراه في الدين) هەبێت کە زۆرکردن ڕەتدەکاتەوە، ئەدی دەبێ لە

**هەر کەسێک بە ناوی ئیسلامییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرگری لە نەخشەی سایکس پیکۆ بکات، کە ئێمەی تێدا زیندانی کراین و بێبەش کراین لە مافی سەربەخۆیی، بەرگری دەکات لە کەلەپووری ئیمپیریالیزمی ڕۆژئاوا کە ئەوان بانگەشە بۆ دژایەتیکردنی ئەو کەلەپوورە دەکەن و لە هەمان کاتدا ڕۆحی عەدالەتخوازانەی ئیسلام ئازار دەدەن**

**لووتکەی دژایەتیکردنی ئیسلامە ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریيەی بە ناوی کوردبوون لە ئێمە دەکرێت، لە کاتێکدا کوردبوونمان بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خوای گەورە، بۆیە دژایەتی کورد و خواستی سەربەخۆیی، پێش ئەوەی شەڕ بێت لەگەڵ کورد و نەتەوەکەماندا، شەڕە لەگەڵ خودا و ئاسمان و ئیسلام و بەهاکانی ئەخلاق**

**لە مێژووی کوردستانی خۆماندا هیچ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی نابینین، دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان یان دژایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کردبێت، ئێستاش لە کوردستاندا هەموو هێزە ئیسلامییەکان لەگەڵ هێڵی سەربەخۆخوازی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستاندان**

دراوسێیەتی سیاسیدا چۆن خەڵك بێ ئیرادە و خواست و مۆدێلی خۆ و زمان و فەرهەنگی خۆی بە سەر ئێمەدا بسەپێنێت؟ خۆشبەختانە بەهاکانی ئیسلام لە سەنگەری ئێمەدان، هەر بۆیە هەر کەسێك بە ناوی ئیسلامییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرگری لە نەخشەی سایکس پیکۆ بکات، کە ئێمەی تێدا زیندانی کراین و بێبەش کراین لە مافی سەربەخۆیی، بەرگری دەکات لە کەلەپووری ئیمپیریالیزمی رۆژئاوا کە ئەوان بانگەشە بۆ دژایەتیکردنی ئەو کەلەپوورە دەکەن و لە هەمان کاتدا رۆحی عەدالەتخوازانەی ئیسلام ئازار دەدەن.

*** ئایا لەسەر ئەو میتۆدانە دەتەوێت عیشق و خۆشەویستی کوردستان ئاوێتەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەیت؟**

- لە دوایەمین کتێبی خۆمدا کە کتێبێکی ٣٠٠ لاپەڕەییە بە ناوی (ئیسلامی بوون لە قۆناغی پاش ئیسلامی)دا نووسیومە، لەوێدا ئاماژەم بە دەقێکی پرۆگرامی داد و گەشەپێدانی تورکیا کردووە کە دەڵێت: «ئێمە وەکو پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا، ئیش دەکەین بۆ تورکیای مەزن» بۆیە بە پشت بەستن بەو دەقە لە کتێبەکەمدا نووسیومە: «دەبێت ئێمەی ئیسلامییەکانی کوردستانیش بە عیشق و خۆشەویستییەوە ئیش بکەین بۆ کوردستانی مەزن وخاوەن شکۆ، بۆ میللەتەکەی خۆمان بە ناسنامەی ئیسلامیی خۆمانەوە.» بەڵێ دەبێت بەو عیشق و ئەوینەوە ئایینی رەسەن و دێرینی کوردەواری ئێمە کە ناسنامەی ئیسلامی و بەشێکی رەسەنی ناسنامەی نیشتمانی و کەسیەتییان پێکدەهێنێت، هەروەها بەو رۆحە مەعنەوییەوە کار بکەین، هەر گوتارێکیش جیاوازی بخاتە نێوان ناسنامەی نیشتمانی و ناسنامەی ئیسلامی لەگەڵ پیادەکردنی دیموکراسیەت لە واقیعی کوردستاندا، لای من دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە، بۆیە راشکاوانە دەڵێم: بەڵێ ئێمە ئەو ئەوینە تێکەڵ بە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەکەین، هەر ئەمەش هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی ئێمە دەکات بە هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکرات و لێبووردە. ئێمە هەستێکی نەتەوەیی رەق و وشکی وەك ناسیۆنالیزمی کەمالیستەکان و عێراقی بەعسیزم لە کوردستاندا نابووژێنینەوە. ئێمە ناسیۆنالیزمی کوردستانی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بە جۆرێك بینا دەکەین کە گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشووری و ئێزیدی و مەسیحی و موسڵمان پێکەوە هەستێکی نیشتمانی و کوردستانییان بۆ دروست بکەین کە خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش بین، واتە دەبێت ئێمە بەو رۆحیەتەوە ئیش بکەین و تەنیا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەکەین و رۆحی نەتەوایەتی کوردی بە تەنیا نەبووژێنینەوە، بەڵکو نەتەوایەتی شارستانی و لێبووردە و دیموکرات و ئەخلاقی و ئیسلامی، پیشانی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین.

*** کەواتە بۆچی تا ئێستا حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان ترسیان هەیە ئەگەر پاشکۆی ئیسلامی لە حزبەکانیان بکەنەوە و دەستبەرداری گوتاری بانگخوازی بن، دەپووکێنەوە؟**

- بە بڕوای ئێمە لە قۆناغی رابردوودا، حزبە ئیسلامییەکان یەکێك لەو خاڵەی ترسیان لێی هەبووە، واقیعی کوردستان بووە، کە بەداخەوە واقیعێکی نادامەزراوەیی بووە و بە گوێرەی پێویست سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دامەزراوەیی تیایدا نەپارێزراوە، ئەمە ترسێکی بۆ دروست کردن، هۆکاری دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فیکری و پەروەردەییەی لەسەری دروستبوون، کە لە بنەڕەتدا تەوژمێکی بانگخوازی ناسیاسی بوون، لە سیاسەتدا تەنیا توخمی رێکخستنی حزبیان وەرگرتبوو، لە قۆناغی رابردوودا نەیانتوانی وەك پێویست لەو پاشخانە بانگخوازی و ئیسلامییە تەقلیدییەی دەربازبن، بەڵام پێموایە ئێستا سەرەتای ژانی لەدایکبوونێکی نوێ لە ناو تەوژمی ئیسلامی کوردستانەوە دەستی پێکردووە، لە قۆناخی داهاتوودا شاهێدی لەدایکبوونی مۆدێلێکی نوێی خزمەتە رۆحی و بانگخوازی و پەروەردەییەکان و شێوازێکی نوێی کاری سیاسی و ئیسلامی دەبین، کە بە بێ پاشکۆ و ناوی ئیسلامی، ژێرخانێکی ئیسلامی هەبێت، واتە حزبێکی پاشخان ئیسلامی و نیشتمانی و دیموکرات کراوە بێت، هەر بۆیە دوای ئەوەی مەسەلەی ناسنامەی حوکم لە کوردستان یەکلایی دەبێتەوە، پشتیوان بەخوا دەگەین بە رێککەوتن لە سەر دەستوور و دەستوورمان دەبێت، و لە سەر پرسی دەوڵەت رێکدەکەوین و دوای ئەوەی شوێنی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی لە دەوڵەتدا یەکلایی بووەوە، ئەو کات هیچ پاساوێك بۆ ئیسلامی بوون بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە، دەبێت حزبەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کێبڕکێ و ململانێی یەکتر بکەن نەك لەسەر ئیسلامی بوون و عەلمانی بوون، بەڵکو لەسەر خزمەتکردنی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوەی هەموومان رێککەوتووین لەسەر ناسنامەی ئیسلامی و دیموکراتی بوونی سیستم لە چوارچێوەی دەستوورێکدا، ئەوە ئیسلامی بوون و علمانی بوون، بە

**هەتا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ئیسلام مەشرەب بووبێت، سەقفی داخوازییەکانی بەرزتر بووە و سەربەخۆیی بووە. بەپێچەوانەشەوە چەند لەو رۆح و هەناسە ئیسلامییە میللییە کوردییە دوورکەوتبێتەوە و کەوتبێتە ژێر کاریگەری چەپ و مارکسیستەکان، سەقفی داخوازییەکانی بۆ ئاستی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی دابەزیوە**

**گەل وێنایەک لە خۆی پیشان بدات، کە پرسی چارەی خۆنووسین قابیلی گەڕانەوە بۆ دواوە نییە و مافێکی رەوای ئێمەیە. ئەگەر وامان کرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستاشدا بە ئاشکرا پشتیوانیمان لێنەکەن، لە دواییدا پشتیوانیمان لێ دەکەن و دەبێت رێز لە ئیرادەمان بگرن و دەشیگرن**

**ئەوەی ئێمەی والێکردووە کە بە یەک دەنگ و رەنگ و لە چوارچێوەی یەک پرۆژەی نیشتمانی هاودەنگدا کار بۆ ئەم پرسە نەکەین، یان وا دەردەکەوێت کاری بۆ ناکەین، کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانە و بێ متمانەیی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە**

ناوەڕۆکە کۆنەکەیانەوە کاڵ دەبنەوە، پێموایە ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە و بەرەو ئەو قۆناغە دەڕۆین و گەشبینم بە دوارۆژی ئیسلامییەکانی کوردستان کە دەبن بە مۆدێلێکی سیاسیی نوێ و لە ئاستێکی گەورەتردا بەشداری ژیانی سیاسی و دروستکردنی بڕیار و خزمەتکردنی کۆمەڵگەکەیان دەکەن.

*** لە ئێستادا باس لە ئامادەباشی بۆ ریفراندۆم دەکرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی پێویستە، لەکاتێکدا ئاکامی ریفراندۆمەکە ئاشکرایە کە زۆرینەی رەهای خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدات؟**

- من لەساڵی (٢٠٠٥)دا ئەندامی لێژنەی باڵای بزووتنەوەی ریفراندۆم بووم لە کوردستان و ئەندامی ئەو شاندەش بووم کە چووین بۆ لای ئەنجومەنی حوکمی کاتیی عێراق و نزیکەی دوو ملیۆن کارتی دەنگدانی خەڵکی کوردستانمان بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ خۆماندا برد، کە لە ٩٨,٨٪ ی هاووڵاتیان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو. رەنگە ئێستا رێژەی ئەو دەنگە کەمتر بێت، ئەوەش لەبەر ئەو هەستیارییە حزبییەیە کە بەداخەوە لە کوردستاندا هەیە، بەڵام دڵنیام زۆرینەی رەهای خەڵکی کوردستان دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن. پرسی ریفراندۆم مەسەلەیەکی یاسایی و سیاسییە، مەسەلەکە ئەوە نییە پێویست دەکات، یان پێویست ناکات، ئەم پرسە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی یاسایی و سیاسی هەیە، ئەگەر ئێمە لە دوای ساڵانی نەوەتەکانەوە سەیر بکەین، دەبینین نزیکەی ٢٧ وڵاتی سەربەخۆ دروست بوون، کە بەشێك لەم وڵاتانە لە رێگەی ریفراندۆمەوە نەبووە، بەڵکو لە رێگەی بڕیاری پەرلەمانی وڵاتەکانیان دروست بوون، یان لە رێگەی بڕیاری پەرلەمانی هەرێمەکانیانەوە بووە.، پەرلەمانی وڵاتێك کە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی ئەو وڵاتە بکات، دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ریفراندۆم بکەین؟ ئەگەر ریفراندۆم بکەین بۆ دەیکەین؟ ئایا وەڵامی چ پرسیارێك دەدەینەوە و چ پێگەیەکی خۆمانی پێ بەهێز دەکەین و چ کەلێنێکی پێ دەگرین؟ پاشان ئەگەر ریفراندۆم ناکەین بۆچی نایکەین؟ سەبارەت بەم پرسە من پێشنیارێکی گەورەترم بۆ ئەو مەبەستە خستۆتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کۆنگرەی نیشتمانی باشووری کوردستان بە بەشداری هێزە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییەکان پەرلەمان رابسپێرێت بۆ سەربەخۆیی و پەرلەمانیش رەوایەتی یاسایی پێبدات. کەواتە ئەم پرسە دەمێنێتەوە سەر تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسی و مەسەلە گشتییەکان، بۆ ئەوەی بزانین کام هەنگاو و ئامرازە بەرژەوەندی زیاتری تێدایە. بەڵام بە بڕوای من ریفراندۆم بکەین باشترە، ریفراندۆمەکەش بە دوو هەنگاو بکەین، لەسەرەتادا لە ناوچە دابڕاوەکان ئەنجامی بدەین، بۆ ئەوەی خۆمان ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەین، دوای ئەوەی ئەم ناوچانە دەگێڕینەوە، ئەوجا ریفراندۆم لەسەر ئاستی هەموو کوردستانی باشوور بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدەین. ئەو دیفاکتۆیەی ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروستی کردووە، نابێت بە هیچ جۆرێك بخرێتە سەر مێزی دانوستاندن بۆ سازشکردن، دەبێت وەکو کارتی هێز بە دەستی خەڵکی کوردستانەوە بێت، سنوورەکانمان دیاری کردووە، تەنیا ئەوە ماوە رووپۆشی یاسایی پێ بدەین.

*** قۆناغەکانی سەربەخۆیی لە کوردستان چۆن دەبینیت و هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی لە رووی دیپلۆماسی و سەرپەرشتیکردنی هێزی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی داعش بۆ کوردستان چۆن ئاماژەی پێ دەکەیت؟**

- ئێمە چەند شتێکمان کردووە و زۆر گرنگە ئێمە شەرعییەتی شەڕی دژی داعشمان پەیداکردووە. زۆر گرنگە توانیومانە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم شەڕەدا بەدەست بێنین، تا دەگاتە ئاستی پشتیوانی سەربازی بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەمان، پێوەندییەکی بەرفراوان و زۆرمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پەیدا کردووە و لە ئێستادا کورد لە پێوەندییەکانیدا وەك کاراکتەرێکی سەربازی و سیاسی و خەریکە ئابووریش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێت، ئەو پێوەندییەی لەگەڵ تورکیاشدا دروستمان کردووە گرنگە، چونکە ئێمە پێویستیمان بە پێوەندی و هاوپەیمانی هەرێمایەتی هەیە و ناکرێت خەڵکی کوردستان لە هەموو لایەکەوە ئابڵووقە بدرێت. بێگومان بارزانی لە هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێدا رۆڵی دیاری هەبووە. ئەوەشی کە ماوە و بارزانی لە ئێستادا ئەرکیەتی و پێویستە بیکات، دەستپێشخەرییەکی شایستەیە بە پێگەکەی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە کوردستان و دروستکردنی سازانێکی نیشتمانی و وەگەڕخستنەوەی دامودەزگاکان و لەوانەش پەرلەمان و رێککەوتن لە سەر پرۆژەیەکی نیشتمانی سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم هەنگاوانە رۆڵی بارزانی لە پرسەکەدا بەهێزتر دەکات، بێ ئەم هەنگاوانەش هەرچی بکات بەو جۆرە نابێت کە هەموومان چاوەڕوانی دەکەین.

**عێراق کۆتایی پێهاتووە و تەنیا لەسەر نەخشە و لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتیدا ماوە، ئێمە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بیر بکەینەوە و شەرعییەت بەم هەنگاوەی خۆمان و مافی چارەی خۆنووسین لە کوردستانی باشووردا بدەین**

**لە عێراقێکی وێرانە و خراپ و نغرۆ لە خوێن و کوشتن و تایفەگەریی و توندوتیژی و بەناو جیهادگەرایی فاشیستی و توندڕەویی مەزهەبی و ناسیۆنالیستیدا، گوتارەکەمان لەمەڕ سەربەخۆیی پێویستە بگاتە قووڵایی و ریشەی ئەوەی کە هیچ پێوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە نەبێت**

**ئێمە لەسەر ئاستی ناوخۆ پێویستیمان بە زەمینەسازی هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەمان بە سروشتی لەدایک ببێت و دەوڵەتەکەمان فۆتۆکۆپی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە چوارچێوەی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ نەبێت**



عەبدولڕەزاق عەلی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

# بۆچی دەبێت چەکدارانی پەکەکە لە شنگال نەمێنن؟

پرسیارێکە، وەڵامەکەی بە ڕواڵەت ئاسانە. ئەسڵەن چەکدارانی پەکەکە چ دەکەن لە شنگال؟ پەکەکەیەك کە بە ناوی سەندنەوەی مافی کوردانی کوردستانی تورکیا دامەزراوە، چ پێوەندییەکی بە شنگال و پێش شنگالیش، بە قەندیل و کوێ و کوێی هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟ بەڵام بە هۆی ئاڵۆزیی هەڵکەوتەی جیۆسیاسی ستراتیژییانەی دەڤەری شنگال و پێکهاتەی دانیشتووانی دەڤەرەکەوە، هەروەها سرووشتی پەکەکە وەك حزبێکی ئایدیۆلۆژی ڕادیکاڵ کە لە هەموو قۆناغەکاندا، بە ئێستاشەوە، ئیدعای حزبێکی ئینتەرناسیۆنالی سنووربڕ دەکات، لە هەموانیش گرنگتر، بە هۆی تێکەڵبوونی پەکەکە لە گەمە ئیقلیمییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا، دیسان بەهۆی ئەو هەلومەرجە سەختەی کە وایکرد چەکدارانی پەکەکە دەستیان بگاتە چیای شنگال، لەبەر ئەم هۆکارانە و چەندینی تریش، مانەوەی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال، مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی، هیچکام لەم هۆکارانە، ڕەوایەتی بە مانەوەی چەکدارانی پەکەکە نادەن لە شنگال و بە دەستنیشانکراوی لە چیای شنگال، بەڵام وا نێزیکەی دوو ساڵە، چەکدارانی پەکەکە لەوێ ماونەتەوە و وەك چۆن ڕۆڵێکی یەکجار خراپیان لە دواکەوتنی شنگالدا بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر وازی کرد، ئێستاش سەرباری دەیان ئاڵۆزیی سیاسی، ڕێگرێکی جددین لە ئاوەدانکردنەوەی شنگالدا کە بە بێ بوونی چەکدارانی پەکەکە و ئاڵۆزییەکانیشیان، کارێکە لە توانا و تاقەتی کوردستان و حکومەتەکەیدا نییە بە تەنێ. تا لە



هەمــوو ئــەم هــۆكار و نەگــۆڕ و گۆڕاوانــەی لــە بــارەی شــنگال و پەكەكــەوە بــاس كــران، تێبگەیــن، دەبێــت، كەمێــك وردیــان بكەینــەوە. دەڤــەری شــنگال، دوورەدەســتترین دەڤــەری كوردنشــینی كوردســتانە. لــە دامەزراندنــی دەوڵەتــی عێراقــەوە، تــا دێت ئــەو ڕووبــەرە جوگرافییــەی دەڤــەری شــنگال لــە كوردســتان دادەبڕێــت، لــە ڕێــی تەعریــب و نیشــتەجێكردنی هــۆزە عەرەبییەكانــەوە فراوانتــر دەكرێت. تــا وای لێهات پێش هاتنــی داعــش و داگیركردنــی دەڤەرەكــە و هەڵكشــانی تیرۆریســتانی داعــش بــۆ تخووبەكانــی پارێــزگای دهــۆك و دەشــتی نەینــەوا، لــە مــاوەی نێزیكــەی ســەد ســاڵی ڕابــردوودا، ئــەم ڕووبــەرە دابــڕەی دەڤــەری شــنگال لــە كوردســتان، لــە ســفرەوە گەیشــتە دەیــان هــەزار كیلۆمەتــری چوارگۆشــە، بــە درێژایــی مــاوەی نێوان عەیــن زالــەی نێزیــك شاری موسڵ بــە زوومــاردا تــا دەگاتــە ڕەبیعــەی ســەر ســنووری ســووریا، كــە نێزیكــەی هەشتا كیلۆمەتر دەبێت، بە قووڵایــی زیاتر لە پەنجا كیلۆمەتــر، هــەر لــە سحێلەی ســەر ڕوباری دیجلــەوە تــا ناحیــەی ســنونێ لــە باكــووری چیــای شنگال. ئەم ڕووبەرە دابڕە، هەمیشــە، خاڵێكی لاوازی دەڤــەری شــنگال بــووە، ئەگەرچــی ئێســتا پێشــمەرگە، تــەواوی ئــەو ناوچەیــەی لــە تیرۆریســتانی داعــش پــاك كردووەتــەوە و تەعریبــی یــەك ســەدەی پێشــووی هەڵتەكانــدووە، وەلــێ ئــەم هەڵتەكاندنــە و نەگەڕانــەوەی تەعریــب و گەڕانــەوەی ناوچەكــە بــۆ ســەر كوردســتان و دواجار بەسترانەوەی شنگال لە ڕووی جوگرافییەوە بە كوردستانەوە، یەكەمین شت، پێویستی بە كۆنترۆڵكردن و گرەنتیكردنێكــی ســەربازیی و ئەمنیــی تۆكمــە و دامــەزراو هەیــە كــە لــە ســایەی بوونــی هێزگەلێكــی وەك چەكدارانــی پەكەكــەدا، یــان هــەر هێزێكــی چەكــداری غەیــری پێشــمەرگەی كوردســتان، دابیــن نابێــت. چەكدارانــی پەكەكــە، بــەردەوام بــە پشتبەســتن بــە «درۆیەكــی بــاو»، كــە پێوەســتە بــە هەلومەرجــی هاتنیانــەوە بــۆ چیــای شــنگال، پاســاو بــۆ مانەوەیــان دەهێننــەوە. ســەرەتای ئابــی ٢٠١٤دا، ئــەو هێــزەی پێشــمەرگە كــە لــە شــنگال بــوون، نەیتوانــی تاســەر بەرگری لــە ناوچەكــە بكات (هۆكارەكانیش لــە ڕووی ســەربازییەوە بــۆ هەمــوو لایــەك مەعلوومــن و هەمــوو شتێكن، تەنیا ئەو هۆكارانە نەبێت كە پەكەكە باسیان دەكات) و كارەساتی شنگالی لێكەوتەوە. پەكەكە، كە دەمێك بوو، بە چاوچنۆكی ئایدیۆلۆژییانەی خۆی و بە فیتی هەردوو ڕژێمی ئێران و سووریا، تەماعی لــە چیــای شــنگال بــوو، وەك قەندیلــی دووەمــی دەبینــی، توانــی نێزیكــەی ســەد چەكدارێــك بــە نــاوی (داكۆكیكــردن لــە خەڵكــە ئاوارەكــەی چیــای شــنگال) بنێرێتــە چیاكــە، لــەو ڕۆژەوە تــا ئێســتا، پەكەكــە و میدیاكــەی و میدیــای ســێبەری دژەپارتیــی سلێمانی، واز لــەو ئیدیعایــە ناهێنــن كــە ئــەوان (بــۆ پاراســتنی

**پەكەكە هاوكار و پشتیوانی سەربازی و ماددی ئەو هێزەیە كە بە نێوی (حەشدی شەعبی) لە شنگال دروستكراوە و پارە و چەكوچۆڵیان لەلایەن بەغداوە پێ دەدرێت. مەترسییەكەی ئەم هێزە، هەر لەوەدا نییە ناوی (حەشدی شەعبی)یە، بەڵكو لەوەدایە، شنگال بە كوردستان و كوردانی ئێزیدی بە كورد نازانن**

خەڵکەکە هاتوون و ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە چیا و خەڵکەکەی دەگیرا)! کەچی ئەم ئیدیعایە لەگەڵ سادەترین ڕاستینەکانی سەر ئەرزدا خۆی ناگرێت و دژبەرییەکی زۆری تێدایە. ئاخر هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە، سەدان فەرماندە و پێشمەرگەی کوردستان لە شنگالییان و ئافرەتان و پیاوانی ئێزیدی کەوتنە موقاوەمەت، ئەمان بوون نەیانهێشت تیرۆریستانی داعش توخنی چیا و بە تەحدید مەزاری پیرۆزی شەرفەدین بکەون، نەك چەکدارانی پەکەکە. باشە چۆن دەچێتە عەقڵەوە، چیای شنگال، بە سەد چەکداری پەکەکە کە یەکێکیشیان شنگالی نەبوون و شارەزای هیچ شتێکی دەڤەرەکە نەبوون، بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو گەمارۆی داعش پارێزرابێت؟!! لە کاتێکدا، چیای شنگال، ٧٤ کیلۆمەتر درێژە و ١٣ بۆ ١٧ کیۆمەتر پانتاییەتی و ١٤٦٠م بەرزە، ئایا ئەم ڕووبەرە، بە سەد چەکداری پەکەکەی غەوارە دەپارێزرێت؟ ئەم «درۆباوە»ی پەکەکە، پشت بە نەشارەزایی خەڵکی کوردستان لە دەڤەرەکە و پڕوپاگەندەی میدیای ستالینییانەی پەکەکە و مەیلی دژەپارتییانەی میدیای سێبەری سلێمانی دەبەستێت. هەڵکەوتنی شنگال و چیای بەهەیبەتی شنگال لەسەر سنووری کوردستانی سووریا، وا دەکات پەکەکە لە ڕێی پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیی بۆش و بێ نێوەرۆکەوە هەوڵبدات خەڵکەکەی لە خشتەبەرێت، هەروەها چیای شنگال، وەك پێگەیەکی ستراتیژیی کە دەڕوانێت بەسەر نەك کوردستانی سووریادا، بگرە بەسەر تەواوی شامدا لە ڕووی سەربازییەوە، هاندەرێکە کە پەکەکە تەماعێکی زۆری لە شنگال بێت. بەو مانایەی، چەکدارانی پەکەکە، هەر لە ئەسڵدا، بۆ (بەرگریکردن لە شنگال و کوردانی ئێزدی کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانی شنگالن) نەهاتوونەتە چیای شنگال، بەڵکو بۆ دیفاعکردن لە ناوچەکانی بندەستی خۆیان و سوپای ڕژێمی سووریا هاتوون. بە مانەوەشیان لەو چیایە، پێگەی خۆیان و سوپای سووریایان لە ململانێی سەربازیی نێوخۆی سووریادا قایم کردووە. هەر بۆیە، پەکەکە، لە یەکەمین ڕۆژەوە لە سەری «چل مێرا» کە بەرزترین لووتکەی چیای شنگالە، هێزێکی جێگیر کردووە و ڕازی نییە چۆڵی بکات. تا لە سرووشتی ستراتیژییانەی سەری «چل مێرا» تێبگەین کە مەزارێکی پیرۆزی ئێزیدییانیشی لێیە، لەوێ دوو بنکەی ڕۆکێتهاویشتن هەن کە کاتی خۆی، ساڵی ١٩٩١، سەدام لەو دوو بنکەیەوە، ٣٩ مووشەکی گرتووەتە ئیسرائیل. بۆیە مانەوەی چەکدارانی پەکەکەی دۆستی ئێران و ڕژێمی ئەسەد، ڕەهەندێکی سەربازییانەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە. لەو ڕۆژەوەی پێشمەرگەی کوردستان، لە سێپتەمبەری ٢٠١٤دا گەمارۆی چیایان شکاند، پاش ساڵێکیش شنگالییان ڕزگار کردووە، ناوە ناوە قایمقامی شنگال و کاربەدەستانی شنگال داوا دەکەن، چەکدارانی پەکەکە شنگال و چیای شنگال چۆڵ بکەن، چونکە بەڕاستی تا چەکدارانی پەکەکە لەوێندەر بمێننەوە، ناتوانرێت، ئەو هەڵمەتە کوردستانی و نێودەوڵەتییەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال پێویستە، ئەنجام بدرێت. ئاخر سرووشتی ئایدیۆلۆژییانەی پەکەکە کە حزبێکی سنووربڕە؛ خۆی و لقوپۆپەکانیشی لێرە، ئیعتیراف بە هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی و ئیداری غەیری خۆیان ناکەن، دەسەڵاتی ئەمنیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەو هۆیەشەوە شنگالیان خستووەتە بەردەم مەترسییەکانی دابەشبوونی دەسەڵاتی ئەمنی؛ هیچ توانایەکی ماددی و مەدەنییانە و لۆجیستییان لە ناوچەکەدا نییە تا بەشداریی لە دروستکردنەوەی لادیوارێکدا بکەن، جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ پەکەکەدا ئامادەی هاوکاریکردن نین. جیا لە هەموو ئەو هۆکارانە، ئێستێ پەکەکە هاوکار و پشتیوانی سەربازی و ماددی ئەو هێزەیە کە بە نێوی (حەشدی شەعبی) لە شنگال دروستکراوە و پارە و چەکوچۆڵیان لە لایەن بەغداوە پێ دەدرێت. مەترسییەکەی ئەم هێزە، هەر لەوەدا نییە ناوی (حەشدی شەعبی)یە، بەڵکو لەوەدایە، شنگال بە کوردستان و کوردانی ئێزدی بە کورد نازانن. بە ئاشکراش تەبلیغات بۆ هەردوو تێزەکە دەکەن. کورت و کرمانجی: بۆ ئەوەی شنگال بگەڕێتەوە سەر کوردستان و خەڵکە زوڵملێکراو و بێبەشە ماندووەکەی کەمێك بحەسێنەوە و چیتر ئیستیغلالی سیاسی نەکرێن، بۆ ئەوەی ئەو دەنگە نەشازانە نەمێنن کە گومان لە ڕەسەنایەتی و کوردێنیی ئێزیدییان دەکەن، بۆ ئەوەی شنگال بە دەستی کوردستان و بە هاوکارییەکی زۆر و بەردەوامیی نێودەوڵەتی ئاوەدان ببێتەوە، یەکەمین هەنگاو، نابێت بە هیچ کلۆجێك و بە هەر بڕوبیانوویەك چەکدارانی پەکەکە لە شنگال و چیاکەی بمێنن. مانەوەی چەکدارانی پەکەکە لە دەڤەرەکە، چارەنووسی شنگال و شنگالییان، بەتایبەتی کوردانی ئێزیدی، بەرەو نادیار دەبات.

**سرووشتی ئایدیۆلۆژییانەی پەکەکە کە حزبێکی سنووربڕە؛ خۆی و لقوپۆپەکانیشی لێرە، ئیعتیراف بە هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی و ئیداری غەیری خۆیان ناکەن، دەسەڵاتی ئەمنیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەو هۆیەشەوە شنگالیان خستووەتە بەردەم مەترسییەکانی دابەشبوونی دەسەڵاتی ئەمنی؛ هیچ توانایەکی ماددی و مەدەنییانە و لۆجیستییان لە ناوچەکەدا نییە تا بەشداریی لە دروستکردنەوەی لادیوارێکدا بکەن، جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ پەکەکەدا ئامادەی هاوکاریکردن نین**

**چیای شنگال، وەک پێگەیەکی ستراتیژیی کە دەڕوانێت بەسەر نەک کوردستانی سووریادا، بگرە بەسەر تەواوی شامدا لە ڕووی سەربازییەوە، هاندەرێکە کە پەکەکە تەماعێکی زۆری لە شنگال بێت. بەو مانایەی، چەکدارانی پەکەکە، هەر لە ئەسڵدا، بۆ (بەرگریکردن لە شنگال و کوردانی ئێزیدی کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانی شنگالن) نەهاتوونەتە چیای شنگال، بەڵکو بۆ دیفاعکردن لە ناوچەکانی بندەستی خۆیان و سوپای ڕژێمی سووریا هاتوون**

# ڕزگارکردنی فەللوجە لەدەستدانی عێراق



دەیڤید فیلیپس

لە ئێستادا پرۆسەی ڕزگارکردنی فەللوجە بەردەوامە. ئێمە دەزانین چۆن ئەمە کۆتایی پێدێت. ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی داعش دەکوژرێن. فەللوجە وێران و خاپوور دەبێت، بە سەدان مەدەنی گیانیان لە دەست دەدەن. ئەگەرەکانی ئاشتەواییش لە باردەچن.

لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە فەللوجە لە ژێر ئیدارەی داعشدایە. ئاڵای ڕەشی داعش لە لایەن سوننەکانی عێراقەوە هەڵدران، نەك لە لایەن چەکدارە بیانییەکانەوە. وەك بەدیلی حکومەتە شیعەکەی بەغدا سوننەکان پێشوازییان لە داعش کرد، ئەو حکومەتەی سوننەکانی وڵاتەکەی پەراوێزخست و جەمسەرگیری لە نێو دانیشتووانەکەیدا دروست کرد.

دابەشبوونە تایفەگەرییەکە قووڵە و قووڵتر دەبێتەوە. شەڕەکەی فەللوجە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی-یەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو میلیشیا شیعانەی کە لەلایەن ئێرانەوە مەشقیان پێکراوە و پڕچەك کراون و لە ژێر کۆنترۆڵی تاران-یشدان. ئەم میلیشیانە بەوە ناسراون کە گیانی تۆڵەسەندنەوە و خوێنرێژییان هەیە.

شەڕەکەی فەللوجە شەڕێکی ئاسان نابێت. هەموو باڵەخانەکان بۆمبڕێژ کراون. ئەوانەی بەرگری لە شارەکە دەکەن، پاڵنەرێکی بەهێزیان هەیە. بە چەشنی ئەوەی هێزی مارینزی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٤دا شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی کرد، ئەوا هێزەکانی حەشدی شەعبی و سەربازە عێراقیەکانیش دەبێت شەڕ لەسەر بست بە بستی ئەو شارە بکەن. ئەمەش قوربانییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.


خەڵکە مەدەنییەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار ڕووبەڕووی کاریگەری شەڕەکە دەبنەوە. بە هەزاران کەس لە ناو فەللوجەدا بە بێ خۆراك و ئاو و پێداویستی پزیشکی گیریان خواردووە. زۆربەیان بە دەست برسێتییەوە دەناڵێنن. هەندێ کەس بە هۆی بۆردومانی ئاسمانی ئەمەریکا، یان تۆپەکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە دەکوژرێن. ئەوانەی دیکەش لە کاتی هەڵاتندا لە لایەن داعشەوە لەناو دەبردرێن. ڕەنگە کەسانێکی کەم ڕزگاریان بێت. ئاوارە ناوخۆییە سوننەکان لە نێو زۆرینەی شیعەی ڕقئەستووردا پێشوازییان لێناکرێت. ئەو کارەساتەی چاوەڕوان دەکرێت لە فەللوجە ڕووبدات، ئاماژەیەکی خراپە بۆ ئەوەی لە موسڵدا ڕوودەدات، کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە، کە داعش تێیدا خۆی قایم دەکات بۆ دوایین ڕووبەڕووبوونەوە. بە چەشنی ڕوومادی و فەللوجە، ڕەنگە موسڵیش لە کۆتاییدا ڕزگار بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو شارە کاول و وێران دەبێت. ڕزگارکردنی فەللوجە کارێکی پێویستە و نابێت ڕێگا بدرێت داعش بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی فەللوجە کۆتایی بە داگیرکاری داعش ناهێنێت. چونکە نابێتە هۆکاری هێنانەئاری ئاشتی لە عێراقدا، یان سەرناکێشێت بۆ ئاشتەوایی لە نێوان عێراقییەکاندا. سوننەکان ئۆباڵی نەهامەتییەکانیان دەخەنە ئەستۆی سیاسەتی وێرانکاری سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی. ئێرانیش وەك شەڕانگێز وێنا دەکرێت، ئەمەش دابەشبوونە ئیقلیمییەکە و بارگرژییە تایفەگەرییەکە قووڵتر دەکاتەوە.

تەنیا بە بردنەوەی دڵ و عەقڵی عێراقییەکان دەتوانرێت عێراق ڕزگار بکرێت. مانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێك بەندە بەوەی بتوانرێت وڵاتێکی یەکگرتوو، فرەئیتنی و فرەتایفە دروست بکرێتەوە، کە تەبایی کۆمەڵایەتی باڵ بکێشێت بەسەر پێکهاتەکانیدا، بەڵام ئەم خەونە لە مێژە لەبارچووە. وێرانبوونی فەللوجە بزمارێکی دیکەیە لە تابووتەکە. شەڕەکە دەبردرێتەوە، بەڵام لە پای باجێکی گراندا.

● سەرچاوە: Huffington Post

# ١٠ هۆكار بۆ هەبوونی

# "دەوڵەتی كوردستان"



د.نازناز محەمەد عەبدولقادر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

جگە لەوەی كە لە روانگەی ناسیۆنالیزمیدا كورد نەتەوەیەكی دێرینی ناوچەكەیە و هەزاران ساڵە خاوەنی خاكی خۆیەتی، جگە لەوەی هەموو هۆكار و پایەكانی یەك «دەوڵەت»ی هەیە كە خۆی دەبینێتەوە لە هەبوونی كەلتووری جیاواز، قەوارەی جوگرافی و خاك، مێژوو، گەل و ئیرادە، ئەرك و مافی هەر تاكێكە بۆ دیاریكردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی تێبكۆشێ و كاری بۆ بكات، گەلی كوردیش زیاتر لە ١٠٠ ساڵە و بەتایبەتی لەو ڕۆژەوە كە لە قەوارەی دەوڵەتی «عێراق» ئاخنرا، هەوڵی پاراستن و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەدات.

دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان، كەمترین پاداشت و قەرەبووكردنەوەیە بۆ ئەو هەموو ئازار و مەینەتییەی كە لە ژێر سایەی حوكمی بیانی و داگیركەر بە سەریدا هاتووە. بێجگە لە هەموو هۆكارەكانی سەرەوە، ١٠ هۆكاری دیكەش هەن كە بە پێی چەمكە تازەكانی سیاسی و بارودۆخی بابەتیی ئێستا، هەبوونی دەوڵەتی كوردستان پێویست دەكەن. كورد دەستی نەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتێك بە ناوی «عێراق» لە ساڵی ١٩٢١، كەواتە نەوەكانی ئەمڕۆی كوردستان مافی خۆیانە بپرسن: بۆ دەبێ لە ناو ئەم قەوارەیەدا بمێنن، قەوارەیەك كە نەیتوانی گەلی كورد بەختەوەر بكات؟

لێرەدا ئەو١٠ هۆكارە دەخەینەڕوو كە هەبوونی دەوڵەتی كوردستان پێویست دەكەن:

١. سەرەڕای كەموكوڕییەكانمان لە ئیدارەی هەرێمی كوردستان و هەبوونی گەمارۆ ئابوورییەكان و پیلانگێڕییەكانی عێراق و دەرودراوسێ شەڕفرۆشەكانمان، كوردستان دوای كۆتاییهاتنی شەڕی ناوەخۆ و بەتایبەتی دوای كەوتنی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ تا شەڕی داعش، پێشكەوتنێكی زۆری بە خۆیەوە بینی و ئاستی بژێوی و خۆشگوزەرانی خەڵكی كوردستان بەرز بووەوە و چووە قۆناغێكی پێشكەوتووتر، ئێستاش سەرەڕای بودجە بڕینی بەغدا و شەڕی داعش لە كوردستان بەراورد بە بەغدا لە رووی ئاسایش و شێوازی ژیان زۆر باشترە و بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش دەكرێ ئاماژە بە هاتنی پتر لە ملیۆنێك ئاواری عەرەب بۆ هەرێمی كوردستان بكەین. كەواتە سەلماندمان كە دەتوانین لە سەر پێ بوەستین و رووبەڕووی تەحەددییەكان ببینەوە و خۆمان بەڕێوەببەین و خۆشمان بەرگری لە خۆمان بكەین.

٢. لەگەڵ ئەوەی كیانێكی سەربەخۆ نین، توانیمان سەرنجی وڵاتانی پێشكەوتوو بۆ كوردستان رابكێشین، هاتنی دەیان كونسوڵخانە و كۆمپانیای زەبەلاحی نەوت و دەیان كۆمپانیای جێی بڕوای

جیهانی و برانچ و براند و...تاد، نیشانەی دەوڵەمەندی وڵاتەکەمان و سازگاریی کەلتوورمان و سەرکەوتنی دیپلۆماسیمان و سەرکەوتنی دەزگا ئەمنییەکانمانە.

ئەی ئەگەر سەربەخۆبین وەك «دەوڵەت»، دەبێ چۆن پێرابگەین لە پێشوازیکردنی باڵوێزخانەکان و کۆمپانیاکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان؟ دەبێ چەند خێرا تێکەڵ بە بازاڕی گلۆبال ببین و بەرەو پێشەوە بچین؟

٤. بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان سێکتەری هەرە بەرایی، کەرتی تەندروستی و خوێندن و پەروەردەیە کە بە بێ پاڵپشتی و یارمەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناتوانین وەك پێویست بەرەو پێشەوەی ببەین، بەڵام بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێگرییەی هەبووە لە وەرگرتنی هاوکاری و پاڵپشتی ئەوان، بە پاساوی ئەوەی بەشێك بووە لە «عێراق»، ئەوان دەیانویست مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هەموو عێراق بکەن، بەڵام بەغدا ئەوەی بە لایەوە گرنگ نەبوو، ئەم سێکتەرانە بوو، ئەوانیش بە پێی یاسا و ڕێسای خۆیان نەیاندەتوانی مامەڵەی تایبەت لەگەڵ کوردستان بکەن کە نیازی چاکترکردنی ئەم دوو کەرتە گرنگەی هەبوو.

لە حاڵەتی سەربەخۆیی، باشتر و خێراتر دەکرێت کار لەسەر ئەم دوو کەرتە گرنگە بکەین کە بە ڕەگی چارەسەری هەموو کێشەکانی دیکە دەژمێردرێن.

٥. لە هەبوونی «دەوڵەتی کوردستان» تاکەکانی کوردستان هەست بە «متمانە بە خۆیی» و «تموح» دەکەن، بۆیە دەرفەتی خوڵقاندن و بنیادنان و ریفۆرم لە هەموو بوارەکان دەڕەخسێ.

٦. «دەوڵەتی کوردستان» ئیتر ناچار نابێت بەشداربێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو وڵاتانەی کە عێراق لە پێشوودا هێرشی کردووەتەسەر و وێرانی کردن، وەك وڵاتی «کوەیت»، بەپێچەوانەوە لە کاتی سەربەخۆییدا بە پێی بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی، کاریگەرتر و ڕوونتر دەتوانێ داوای قەرەبوو لە عێراقی بکات، بۆ هەموو ئەو زیانانەی کە پێشتر تا ئێستا بە کوردی گەیاندووە لە سیاسەتی سووتماککردنی خاك و جینۆسایدا.

٧. وەك دەوڵەتێکی تازە کە دەکەوێتە سەرپێ، دەتوانێ ستراتیژیەتی ئابووریی خۆی دابڕێژێ، بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە کە تەنیا پشت بە «نەوت» دەبەستن، ئابوورییەکی هەمە چەشن هەڵبژێرێ و سەرمایەی «نەوت» بگۆڕێ بۆ سەرمایەی «مرۆیی» و مرۆڤی کارامە و لێوەشاوە بۆ سەردەمی ئێستا بەرهەم بهێنێت.

٨. دەکرێت بە «سیاسەتی کەلتووری» تازە و گونجاو و کوردانە، دوور لە دەمارگرژی ئایینی، ببێت بە گیانێکی جیاواز لە ناودڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٩. ئێران و تورکیا بەردەوام گرفتی سیاسی و ئابووری و سەربازییان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

بە بیانووی پەلاماردانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی خۆیان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوە ناوە سەروەریی خاکی کوردستانیان بەزاندووە، لادێ و باخی کوردستانیان سووتاندووە، کە پێویستە بەغدا بەرگری لەم سەروەرییە بکات، بەڵام نەیکردووە و نایکات. کەواتە «عێراق»ێك کە نەتوانێ پارێزگاری لە قەوارەیی خۆی و هاووڵاتیانی بکات، بۆ دەبێ پێوەی «وابەستە» بین؟

لە ڕووی ئابوورییەوە دروستکردنی دەیان «بەنداوی ئاو» لە سەر ئەو ڕووبارانەی کە دەکەوێتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، کوردستانیان تووشی کەمیی سەرچاوەی ئاو کردووە، کە ئەمە زیانێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری دەگەیەنێت.

هەڕەشەی کەمیی ئاو و وشکبوونی خاك، هەڕەشەیەکی جددییە بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان، لەم بوارەش «عێراق» زۆر بێدەسەڵات بووە و نەیتوانیوە فریای کوردستان بکەوێت و بەرگریی سیاسی و یاسایی لێ بکات، کەواتە بۆ ڕێگەگرتن لە «نەزیفی ئابووری» و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری، کوردستان پێویستی بە سەنتەرێکی بەهێز و دەسەڵاتێکی تۆکمەی «خۆیی» هەیە، نەك سەنتەرێکی بیانی و لاوازی بێ کەڵك.

عێراق لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تووشی ئابڕووچوون و ناوبانگێکی خراپ بووە لە سایەی مێژووی خوێناوی و شەڕەنگێزی و تیرۆر و دیکتاتۆری و ئەمڕۆش شەڕی مەزهەبی، بۆ دەبێ کورد کە خۆی قوربانی ئەو کردەوانەی عێراقە، وەك ئەو تووشی ئەم ئابڕووچونە بێت؟!

بۆ ڕزگاربوون لە پەڵەی «عێراقی بوون»، بۆ پاککردنەوەی خۆمان لە ناوبانگی خراپی ئەوان و هەبوونی ناسنامەی خودی خۆمان و هەبوونی «پاسپۆرتی کوردستان»، با کەمپینی «ئا» دەست پێبکەین بۆ دەنگدان لە سەر سەربەخۆیی کوردستان بە هەر نرخێك بێت!

**کوردستان وەک دەوڵەتێکی تازە کە دەکەوێتە سەرپێ، دەتوانێ ستراتیژیەتی ئابووریی خۆی دابڕێژێ، بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە کە تەنیا پشت بە «نەوت» دەبەستن، ئابوورییەکی هەمە چەشن هەڵبژێرێ و سەرمایەی «نەوت» بگۆڕێ بۆ سەرمایەی «مرۆیی» و مرۆڤی کارامە و لێوەشاوە بۆ سەردەمی ئێستا بەرهەم بهێنێت**

**بۆ ڕزگاربوون لە پەڵەی «عێراقی بوون»، بۆ پاککردنەوەی خۆمان لە ناوبانگی خراپی ئەوان و هەبوونی ناسنامەی خودی خۆمان و هەبوونی «پاسپۆرتی کوردستان»، با کەمپینی «ئا» دەست پێبکەین بۆ دەنگدان لە سەر سەربەخۆیی کوردستان بە هەر نرخێک بێت !**

# بیر بکەرەوە، بخۆ پاشەکەوت بکە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

ڕۆژی جیهانیی ژینگە میکانیزمی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ هاندانی هۆشیاریی لە تەواوی جیهاندا و بۆ کارکردن لە پێناوی چاککردنی ژینگە لە سەر هەر دوو ئاستی حکومەتەکان و گەلاندا. ئەمەش لە پێناوی خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی و ئابوورییەکی باشتر و بەڕێوەبردنێکی بەرپرسیارانەی دەرامەتە سروشتییەکانی گۆی زەویدا.

ڕاستە ساڵانە نەتەوە یەکگرتووەکان دروشمێکی تایبەت دیار دەکات بۆ ئەم ڕۆژە، بەڵام بە ڕای من هێشتا ئێمە پێویستیمان بە جێبەجێکردنی دروشمی ساڵی (٢٠١٣)ـەیە کە دەڵێت: (بیرکەرەوە، بخۆ، پاشەکەوت بکە.) بەتایبەت لەم بارودۆخە نالەبارەی جیهان و لەم قەیرانە داراییەی کە بەرۆکی گەلی ئێمەی گرتووە.

دروشمی ڕۆژی جیهانیی ژینگە لە (٢٠١٣)دا بریتی بوو لە (بیرکەرەوە، بخۆ، پاشەکەوت بکە.)

واتە : بیربکەرەوە پێش ئەوەی بخۆی، کەخواردیشت بیر لە پاراستنی ژینگە بکەرەوە.

هەر لەو بەیاننامەی (پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە - یونیپ)ی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی ژینگە لەو ساڵەدا هاتووە کە:

«بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) ساڵانە نزیکەی (١,٣) ملیار تۆن لە خۆراکی جیهان لە ئەنجامی فڕێدانی زیادەی خۆراکەوە بەفیڕۆ دەڕوات. نزیکەی (١) ملیار مرۆڤ لە کۆی (٧) ملیار دانیشتووانی جیهان برسین. ساڵانە نزیکەی سێیەکی خۆراکی بەرهەمهێنراوی جیهان بە هۆی زیادەڕەوی لە بەکارهێناندا بەفیڕۆ دەچێت.» بۆیە لە بەیاننامەکەی ئەو ساڵەی ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا هاتووە کە: «کەمپینی دەستگرتن بە خۆراکەوە دەست پێبکە لە ماڵی خۆتەوە و لەو شوێنەی خۆت خاوەن بڕیاری تێیدا.»

(کورتەی بەیاننامەکە تەواو بوو)

کەواتە با بێینەوە لای خۆمان. ئێستا تۆ لە ماڵی خۆتدا دەتوانیت چی بکەیت؟

توێژەرانی ئەم بوارە ئەم ڕێنماییانەمان دەدەنێ:

یەکەم: ئەو بڕە خۆراکەی کە بۆ ڕۆژێك، یان هەفتەیەك پاشەکەوتت کردووە لە ماڵەوەدا بەکاری بهێنە بە تەواوی، ئینجا بڕە خۆراکی دیکە بکڕە.

دووەم: ئەوەندە خواردن لێ بنێ کە زیاتر نەبێت لە ژمارەی ئەندامانی خێزان و ئامادەبووانی سەر سفرە وخوان.

سێیەم: هیچ پاشماوەیەکی خۆراك مەهێڵەوە بۆ فڕێدان.

چوارەم: بۆ هەر کەسەو بە قەدەر پێویستیی خۆی خواردن بکەرە قاپەکەیەوە.



پێنجەم: شیر و چای و قاوەی ساردەوەبوو فڕێ مەدە، بەڵکو پاش تێکەڵکردنیان بە بڕێك لەئاو، بیانکەرە ژێر درەخت و رووەکانەوە.

شەشەم: خواردن پێکەوە بخۆن، نەك بە تەنیا، چونکە بە هەموو گەرمکردنەوەیەکی تر، وزەی کارەبا و غازی زیاتر لە دەست دەدەن.

حەوتەم: ئەگەر هەر پاشماوەی خۆراکت هەبوو، بیکە بە پەینی سروشتی بۆ باخچەکەت.

هەشتەم: ئەو میوەیەی کە ئارەزووی خواردنی ناکەیت، فڕێی مەدە، بیکە بە مرەبا.

نۆیەم: خۆراك و میوەی زیاد هەڵمەگرە، هەر لە سەرەتاوە بیکە بە دیاری بۆ خزمێك، یان دراوسێیەك.

دەیەم: کە بە مۆبایل دیلیڤەری داوا دەکەیت، داوای زۆر مەکە، بەڵکو بەقەدەر پێویستی خۆت داوا بکە.

یازدەهەم: هەندێك لەو سەوزانەی دەمێننەوە، دەتوانیت وشکیان بکەیتەوە بۆ وەرزێکی دی.

دوازدەهەم: وردە نانی زیادە و تڵپەچای و توێکڵی میوەکان بکەرە ژێر خۆڵی باخچە و رووەکانی ماڵەوە.

سێزدەهەم: توێکڵی زۆری میوە قەبارە گەورەکانی وەك شووتی و کاڵەك بخەرە بەر هەتاو بۆ کەمبوونەوەی کێش و لەدەستدانی بڕی ئاوەکەی، بەمەش بارستەی تەنەکەخۆڵەکەت سووکتر دەبێت، ئاویش ناخەیتە حاویەی خاشاك کۆکەرەوەکانەوە.

چواردەهەم: بزانە کە لە رووی ئاینییەوە ئەوە فەرمانی خودایە کە فەرموویەتی: بخۆن و بخۆنەوە و زیادە مەسرەفیی مەکەن (وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا) (الاعراف ٣١)

پازدەهەم: ئەوەش بزانە کە زۆر خواردن لەم سەردەمی دانیشتن و کەم جووڵەییەدا زیانی تەندروستیی زۆری بەدواوەیە.

شازدەهەم: دەکرێت ئەگەر خواردنت لەبەر مایەوە، بیخەیتە بەردەمی ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەی کە خۆت هەتە لە ماڵەوە، یان بیبەخشیتە کەسێکی نزیکت کە ئەو خاوەنی پەلەوەر بێت.

حەڤدەهەم: بەشدار بە بە هەر هۆکارێك بۆ رێگرتن لە برسێتی، چونکە برسێتی دۆستی تیرۆرە.

هەژدەهەم: ئەوە بزانە کە ئاسایشی خۆراك کلیلی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

نۆزدەهەم: بەفیڕۆدانی خواردن بکەرە دەرەوەی فەرهەنگی ژیانی رۆژانەت.

بیستەم: بیربکەرەوە پێش ئەوەی هەر شتێك بکڕیت، بەمەش بۆ پاراستنی ژینگە یارمەتیدەر دەبێت.